# ئاستیاک

**و**

**مینە و شازادەی دارستان**

چیرۆکی ئەفسانەیی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# ئاستیاک

# و

# مینە و شازادەی دارستان

## چیرۆکی ئەفسانەیی

**بەناز عەلی**



ناوی کتێب: ئاستیاک و مینە و شازادەی دارستان. چیرۆکی ئەفسانەیی
نووسینی: بەناز عەلی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ۲۹۱
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ۲۰۰٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (۲۷۸)ی ساڵی ۲۰۰٤ی دراوەتێ

# ئاستياك

**هەبوو نەبوو**... لە دێرزەمانەوە، لە وەرزێکی خۆش بەهار بوو، زەوی بەرگی سەوز و، گوڵی ڕەنگاوڕەنگی پۆشی بوو... هاژەی کانیە شێتەکان گوێی بنیادەمیان کاس دەکرد!... کە سەیری ترۆپکە بەرزەکانت دەکرد، بەفری نەتواوە سپی دەچوونەوە!... لەو بەهەشتە خۆشەدا، لە داوێنی چیایەک، لە نزیک کانیەکی ساردەوە... کونجێکی بچووک هەبوو، کە خێزانێکی بەختەوەری لێ دەژیان... خێزانەکە دایک و باوک و سێ منداڵ بوون، دوو کوڕ و کچێکی بەتەمەن بچووکتر!... دایک و باوکەکە کچەیان زۆرخۆش دەویست، چونکە یەکجار نازدار بوو، شۆخی وا بەوێنە کەم هەبوو... قژێکی کاڵ، چاوگەش و بالا شمشاڵ بوو، گۆنایەکانی تێر لە ڕەنگی سووربوون... ئەم شۆخە نازدارە ناوی ئاستیاک بوو... ئەم کچە خووڕەوشتێکی سەیری هەبوو... نیوەی شەوان، لە خەو هەڵدەستا و دەستی بەگریان دەکرد... دایک و باوکە چەندە پرسیاری خۆی ئەم گریانەیان لێ دەکرد... بەڵام هیچ وەڵامێکی نەبوو!...



زەمانێک بوو خووی بەم گریانە گرتبوو... باوکە هەموو سپێدەی بەیانیان، لەگەڵ تاریک و ڕوونان، بەخۆیی و هەردوو کوڕەکەی، دەچوونە کێڵگەیەک کە لەودیو شاخەکە بوو، لەناو کێڵگە کاریان دەکرد... ئاستیاکیش هەموو نیوەڕۆیەک، زەمبیلی پڕ لە خواردنی خۆش دەکرد و، بۆی دەبردن... ئاستیاک ڕێگای کێڵگەی پێ نەدەزانی، بۆیە ڕێگاکەیان بۆ نیشان کردبوو، تا بزری نەکات، بەهاری ئەو ڕۆژە زۆرخۆش بوو، ئاسمان ساماڵێکی بێگەرد بوو، لەپڕ هەورێکی ڕەشی هێنا، بەری ڕۆژی گرت!... هەورەکە هەر خۆی هێناوبرد، لەناکاو!... دایکردە باران و تاکو نیوەڕۆ باری... بارانەکە زۆری درەختی شکاند و، خونچە گوڵی تازەی وەراندە سەر زەوی، دەمەو نیوەڕۆ هەورەکە پەرتەی لێکرد... ئاسمانیش کردیەوە ساماڵ، خۆری پرشنگ سەرلەنوێ، زەردەخەنەی بۆ زەوی دەرگیستی کرد!... ئاستیاک هەروەکو جاران، زەمبیلی پڕ لە خواردنی خۆشی کرد... ئینجا دوعابوونی لە دایکی خواست، زەمبیلەکەی ئاستیاک پڕبوو لە خواردنی خۆش و بەتام... هەنگوین و پەنیر و نان و دۆشاوی ترێ و شەربەتی هەنار!... لەبەرئەوەی باران زۆر باری بوو، ڕێگای چوونە کێڵگەی لە ئاستیاک تێکدابوو... ئاستیاک لەوە ترسا نەوەکو ڕێگایەکە ون بکات... بەڵام لە دڵی خۆیدا وتی: بەدرێژایی هەموو ڕۆژەکە، باوک و برایەکانم، بەبێ خواردن دەبەنەسەر... ئەمن هەموو ڕۆژ بەم ڕێگایە دادێم... چۆن بزری دەکەم!...

بۆیە بەڕێگاکەدا بەردەوام ڕۆیشت، هەر ڕۆیشت، هەر نەگەیشتە کێڵگە ئەم ڕێگایە زۆر درێژەی کرد!... لەپڕێکا خۆی لە دارستانێکی چڕوپڕ دۆزیەوە لەناو دارستانەکە بزربوو، ڕێگای دەرەوەی بەهیچ بارێک نەدۆزیەوە!... دیسان هەورە ڕەشەکە گەڕایەوە و، بەری ئاسمانی گرتەوە... ئەمجارە تەزرەی لەگەڵا خۆی هێنا... تەزرەکە وا بەتوندی دەکەوت... زەوی کون کون کردبوو... وەکو بێژنگی لێهاتبوو!. ئاستیاک خۆی لەبن دارێکی گەورە شاردەوە... تاکو ئەو سەرکە تەزرانەی پێ نەکەوێ!... دیمەنی دارستان

زۆر ترسناک بوو، هاواری دارەکان، لەگەڵ دەنگی تەزرە کەوتووەکان تێکەڵ ببوون... دارستان هەڕەشەی لە هەورەکە دەکرد، کە ئەگەر نەوەستێ دکرێکی پێ دەکات... لەگەڵ ئەوەش هیچی بۆ نەدەکرا!. دوای ئەوەی هەورەکە، بەتەواوەتی زەوی لە خۆی تۆراند!... ئینجا وادەی پەرتبوونی هات... بەڵام دونیا تاریک داهاتبوو... مانگ و ئەستێرە لە ئاسمان گفتوگۆیان بوو!... دیمەنی دارستان بەشەو ترسناکتر بوو، دەنگی گورگەکان، لە دووری دارستان دەهات... کوندەپەپۆ دەستی بەقسەکردن کرد... سەربردەی ئەو مرۆڤانەی دەگێڕایەوە... کە بەم دارستانە تێپەڕی بوو... ناوە ناوە دارێک هاواری دەکرد و، سکاڵای تەڕبوونی بۆ دارێکی تر دەکرد... ئاستیاکیش سەرتاپای لەشی تەڕببوو... لە ترسان و لە سەرمان، ئۆقرەی نەمابوو... چاوی بەدەوروپشتی خۆی گێڕا، بەڵکو ئاوەدانیەک بدۆزێتەوە... جێیەک یان شوێنێک، ترس و سەرمای تێدا برەوتەوە!... لە تاریکی زیاتر هیچی نەکەوتەوە پێش چاوان... لەناکاو ڕووناکیەکی لە دوور ڕا بینی... زۆری کەیف هات و، لە دڵی خۆیدا وتی: دیارە ئاوەدانیەک هەیە لێرە؟!...

ئینجا بەرەو ئاوەدانیەکە ڕۆیشت... کە گەیشتە نزیک ڕووناکیەکە، تەماشای کرد لەناو ئەشکەوتێک دێتە دەرەوە... ئەشکەوتەکە زۆر بڵند نەبوو... ڕووناکیەکەش کۆتایی نەبوو، وەکو ڕەنگی ئاڵتون دەبریسکایەوە!... ئاستیاک بەرەو کووری ئەشکەوتەکەوە زیاتر چوو... بەڵام کەس دیار نەبوو... ئەویش پرسیاری دەکرد: کێ لێرەیە ؟! ئەرێ هۆ وەڵامم دەنەوە!...

ئەشکەوتەکە، هیچ هەستی تیانەبوو!... هەر دەنگی ئاستیاک نەبێ، چەند جارێک سەدای دەدا و دووبارە دەبووەوە!... لەپڕ ئاستیاک هەستی کرد، شتێک خێرا بەدەوری دەسووڕێتەوە!. بۆیە لە جێگای خۆی وەستا و وتی: کێیە؟ هیچ هەستێک نەبوو، کەس وەڵامی نەدایەوە!... ئاستیاک دیسان وتی: کێ لێرەیە؟!

دەنگێک بەنەرمی هات و وتی: ئەوە منم!...



ئاستیاک، تەماشای ئەملا و ئەولای کرد، کەس دیار نەبوو... بۆیە وتی: تۆ کێی؟!

دەنگەکە: ئەمن پاسەوانی ئەم ئەشکەوتەم!... پارێزگاری لێ دەکەم و ناهێڵم، کەسانی دەروون خراپ، بەم ئەشکەوتە تێپەڕن!...

ئاستیاک وتی: جا تۆ چوزانی، ئەو کەسە خراپە یان نەء؟

دەنگەکە: ئەمن دڵی، هەموو بوونەوەرێک دەخوێنمەوە!

ئاستیاک وتی: بەڵام ئەمن کەسێکی خراپ نیم، بزربووم و ڕێگام کەوتە ئێرە!... چونکە ڕێگای کێڵگەم بزرکرد... حەزیش دەکەم خۆتم نیشان دەی... چونکە نازانم بۆ کێ قسە دەکەم!...

ئەووەختە، ئاستیاک شتێکی زۆر بچووکی، بەچاوەکانی بینی!... مرۆڤێکی زۆر گچکە، بەقەدەر پەنجەی دەستی مرۆڤ بوو!. لەشێکی سپی و دوو چاوی گەش، تیروکەوانێکی زیوی بەدەستەوە بوو!... دوو باڵی تەنکی بەپشتیەوە نووسابوون!... بەڕووخۆشیەوە وتی: ئەزانم تۆ بزربووی!...

ئاستیاک بەسەرسڕمانەوە وتی: چۆنت زانی؟!

وتی: ئەمن پێم وتی... دڵی هەموو بونەوەرێک دەخوێنمەوە... دەشزانم کە ناوت ئاستیاکە... (ئەو قسانەی کرد و... تووڕە بوو، ڕووی خۆی لە ئاستیاک وەرگێڕا)...

ئاستیاکیش زەردەخەنەیەکی پڕ بەلێوە ناسکەکانی کرد و وتی: ببەخشە ئازیزەکەم... مەبەستم ئەوە نەبوو، کە تووڕەت بکەم!. باشە، ئێستا تۆ ناوی من دەزانی، بەڵام ئەمن ناوی تۆ نازانم!.

وتی: ئەمن ناوم دەنکە سپییە... چونکە زۆر سپی و جوانم...

ئاستیاک وتی: بەڕاستی ناوێکی خۆشە... هەر لە خۆت دەوەشێتەوە!...

دەنکەسپی زەردەخەنەیەکی کرد وتی: سوپاست دەکەم... تۆش وەکو

مانگی تابانی...

ئاستیاک وتی: سوپاست دەکەم... بەڵام دەنکەسپی، ئەمن چۆن دەتوانم، بگەڕێمەوە ماڵەوە... چونکە ئێستا دەزانم کە دایک و باوک و برایەکانم، بۆمن چەندە پەرێشانن...

دەنکەسپی وتی: ئەمن ڕێگای ماڵەوەتان نازانم، چونکە ناتوانم لەم ئەشکەوتە بێمە دەرەوە... بەڵام تا کۆتایی ئەشکەوتەکەت دەبەم... کە چوویتە دەرەوە خەڵکانێک هەن!. دەتوانن بۆ ماڵەکەی خۆت بتبەنەوە!...

دەنکەسپی فڕی و ئاستیاکیش، وەدووی کەوت... تا گەیاندیە ئاخیری ئەشکەوتەکە، پێکهاتبوو لە کونێکی بچووک، دەنکەسپی بە ئاستیاکی وت: لێرەوە بڕۆ دەرەوە چونکە ئەمن ناتوانم زیاتر لەگەڵت بێم!...

ئاستیاکیش، سوپاسی دەنکەسپی کرد و، لە کونەکە چووە دەرەوە... کە سەری دەرهێنا دونیایەکی تری بینی!... لە ژیانیدا دونیای وا جوانی، نە لە خەون دیتبوو، نە لە خەڵکی بیستبوو!. ئامان لەگەڵ ڕەنگی شین، شێت و هار ببوو... باڵندەکانی لە فریشە دەچوون و... لەگەڵ دەنگی شنەبا، سەمایان دەکرد و... گۆرانییان بۆ سروشت دەچڕی!... چیاکان لەوپەڕی جوانی و قەشەنگی بوون... ڕەنگەکانیان لە چیرۆکە ئەفسانەییەکانیش نەبوو... دارەکان ئەوەندە ناسک بوون، چاوی مرۆڤ لە ڕوانینیان تێر نەدەبوو!. گوڵەکان بەجۆرێک شۆخ بوو... نازیان لەسەر ئەرز و ئاسمان دەکرد!... تاڤگەیەکی لە ڕۆخ ئەشکەوتەکە بینی... ڕەنگی هەر لە زیو دەچوو!... ماسیەکانی هەریەکەیان لە ڕەنگێک بوون!... سوور – شین – زەرد – مۆر... خۆریش لە ئاسمان، وەکو ئەو خۆرە نەبوو، کە ئاستیاک هەموو بەیانیەک دەیبینی!... تۆپەڵە ئاگرێکی زێڕ بوو... ئاستیاک باوەڕی بەچاوەکانی خۆی نەدەکرد... نەخەون نەخەیاڵ، نەئەفسانە باوەڕیان بەم دیمەنە دەکرد... کە هاتە خوارەوە دەمێک ڕۆیشت... تا لە دوور ڕا کۆشکێکی گەورەی بینی!... لەگەڵ ئاورینگی خۆر دەبریسکایەوە... بەرەو کۆشکەکە چوو تا گەیشتە شارێک؟! بینی شوورەی شارەکە زێڕە!... کە



چووە ژوورەوە دار و بەرد زێڕ بوون!... خەڵکەکە بەرگیان لە زێڕ نەخشا بوو، کە چاویان بەم کچە بێگانەیە کەوت، سەرسام بوون!... هەر هەمووشیان مات و مەلوول بوون... هەواڵیان بەپاشا گەیاند کە کچێکی بێگانە، هاتووە بۆ شارەکەیان... پاشا فەرمانی دا کە کچەی بۆ بێنن... کە ئاستیاک گەیشتە کۆشکی پاشا... کۆشک و تەلاری وا زۆر دەگمەن بوو، نەخشی دیوارەکانی دوڕ و مەرجان بوون!... پاسەوانەکان زرێی زێڕیان پۆشی بوو!... ئەمە زەوی نەبوو!... بەڵکو ئەستێرەیەک بوو، لە زێڕ دروست کرابوو...

ئاستیاکیان بردە لای پاشا... تەختەکەی پاشا زێڕ بوو... جلوبەرگی هەمووی یاقووت بوون!... پاشا بەخەمباری لەسەر تەختەکەی دانیشتبوو... ملی بۆ لایەک شۆڕ کردبوو!...

پاشا پرسی: تۆ کێی؟!

ئاستیاک وتی: ناوم ئاستیاکە و، لە ماڵەکەی خۆم دابڕاوم.

پاشا وتی: چۆن گەیشتیە ئێرە؟!

ئاستیاکیش هەموو بەسەرهاتەکەی خۆی گێڕایەوە!.

پاشا وتی: ڕۆڵە گیان، دەرچوونت لێرە مەحاڵە!...

ئاستیاک وتی: بەڵام پاسەوانی ئەشکەوتەکە، پێی وتم، کە ئێوە دەتوانن بمگەڕێننەوە، ماڵەکەی خۆم!...

پاشا تاوێک بیری کردەوە، ئینجا وتی: ئەوەی دەتوانێ تۆ بباتەوە، تەنیا یەک تاقە کەسە!... ئەویش خاتوونە بایە، بەڵام ئێستا ئەویش وەکو ئێمە بەندە... لەلای پیرەژنی چادووگەر!...

ئاستیاک بەسەرسڕمانەوە وتی: ئێوە بەندکراون؟ بەڵام چۆن؟! ئێوە لەناو ئەم هەموو نازونیعمەتە دەژین... کەچی بەندکراون!.

کە هاتمە ناو شارەکەتان، خەڵکەکەم زۆر بەمات و مەلوولی بینی... سەرم لەم شارە سەیرە، سوڕماوە!... ئەمە چ پەنامێکە؟!...

پاشا ئەسپی خەیاڵی تاودا و، بۆ ساتێک ئاستیاکی بەجێ هێشت! ئینجا کە سەری بەرزکردەوە... چاوەکانی پڕ ببوون لە گریان!... بەئاستیاکی وت: ساڵانێک لەمەوپێش، ئێرە شارێکی ئاسایی بوو... نەزێڕ هەبوو، نەزیو و مەرجان... خەڵک بەختەوەر بوون، بەماندووبوونی خۆیان بەپێی ڕەنجی ساڵیان، بەرهەمی چنگی خۆیان دەخوارد... ئێمە لە هیچمان کەم نەبوو، چونکە خاکێکی زۆر بەپیت و بەرەکەتمان هەبوو... ئەمنیش زۆر بەختەوەر بووم... چونکە میللەتێکی بەختەوەرم هەبوو!...

پاشا تاوێک بێدەنگ بوو... ئینجا درێژەی پێدا و وتی: خەڵکی کامەران بوون، هەموو دەم سوپاسی ئاسمانیان دەکرد، بۆ بەشی خۆیان، هەتا جارێکیان!... پیرەژنێک هاتە ناومان و ژیانی لێ تێکداین!... ئەم پیرەژنە نەخۆشی چاک دەکردەوە... یارمەتی خەڵکی دەدا، وای کرد کە خەڵک بەگوێی بکەن و ڕێزی لێ بگرن... تەنانەت منیش، باوەڕم بەم پیرەژنە چەپەڵە هەبوو... تەنیا کوڕە تاقانەکەی من نەبێ، کە ناوی ماکۆ بوو... ئەو هەوەسی پێ نەدەهات... هەموو جار بەمنی دەوت: (باوە گیان... ئەمن باوەڕم بەم پیرەژنە نییە... دڵم لێی حاڵی نابێت)!... ماکۆ کوڕم، شازادەیەکی ئازا و دڵ نەرم بوو... میللەتەکەی خۆی زۆرخۆش دەویست، میللەتیش، شازادەیان لە چاوی خۆیان خۆشتر دەویست... ڕۆژێکیان پیرەژن، هەموومانی لە گۆڕەپانی شار خڕکردەوە!... بەبیانووی ئەوەی کە چەند وتەیەکی هەیە!... کە لە بەرژەوەندی وڵات دایە!... پیرەژن وتی: (خەڵکینە، گوێدێرن... لە ناوەڕاستی ئەم شارە، زێڕوزیوێکی ئەوەندە زۆر هەیە، تا هەتایە دەربکەن تەواو نابێ)!.

خەڵکەکە بوو بەمشتومڕیان... یەک دەیوت: شتی وا نییە!... ئەوی تر دەیوت: پیرەژن گاڵتەمان پێدەکات!... یەکێکی تر دەیوت: ئەم قسەیە ناچێتە ئەقڵی هیچ کەسێک!... ماکۆی شازادە ڕابووە سەرپێ و، بەتووڕەیی لە پیرەژنی خووڕیەوە: (پیرەژنی جادووگەر... بەجادوو گاڵتەبازی، ئەم خەڵکەت فریو داوە... ئینجا نۆرەی زێڕە، هەر لە ئێستاوە خۆت ئامادەکە



و، لەم شارە بڕۆ دەرەوە... ئەگەرنا پەندێکت پێ دەکەم... تا هەتایە لە بیری نەکەیت)... بەڵام خەڵکەکە ناچاریان کردم، کە فەرمان بدەم بۆ دۆزینەوەی زێڕەکە، لەبەرئەوەی منیش بڕوام، بەقسەکانی پیرەژن هەبوو... فەرمانم دا زەوی بکێڵن لەو جێگایەی پیرەژن دیاری کردبوو... پاشا دیسان بێدەنگ بوو... ئاستیاکیش پەرۆشی زانینی ڕووداوەکان بوو... پاشا سەری بەرزکردەوە و وتی: دوای ماوەیەک لە گەڕان... زێڕ دۆزرایەوە، بەڵام چ زێڕێک!... ئەوەندە زۆربوو، چەندجار دەرمان دەهێنا تەواو نەدەبوو... زێڕەکە هەر لە زۆری دابوو، بەشی هەموو خەڵکی زەوی دەکرد!... ئینجا پیرەژن خۆی فڕێدایە سەر زێڕەکان و وتی: (ئەم زێڕە هەمووی بۆ منە... چونکە ئەمن دۆزیمەوە)... بەڵام کەس ئاگای لە پیرەژن نەبوو... هەر کەس بابایی ئەوەبوو، زێڕ بۆ خۆی کۆبکاتەوە... برا برای نەدەناسی، ئەوەی لەسەر گوڵدانی زێڕ، لەگەڵ ئەوی تر بەشەڕ دەهات... ئەوەی لەسەر ملاکی زێڕ، لە برایەکەی خۆی دەدا... ئەو ئافرەتەی لەسەر گەردانە و مرواری، دەیقیژاندە سەر ئافرەتێکی تر!... ئەو منداڵەی لەسەر بووکۆکەی زێڕ، سەری منداڵێکی تری دەشکاند!... سەیربوو ئەم خەڵکە سادەی جاران... بەیەک دەم و کات گۆڕان!... هەرچەندە ماکۆ، لاوێکی هەرزەکار بوو!... بەڵام چاک دەیزانی کە تەماحی، چاوان کوێر دەکات و، ئاژاوە دروست دەکات، لەتۆیە... ئەگەر تۆ نەبوای، ئەم خەڵکە وایان بەسەر نەدەهات)... بەڵام پیرەژن بەتووڕەییەوە وتی: (ئەگەر ئێوە، بەو جۆرە حەز لە زێڕ دەکەن و، وا بەپەرۆشن بۆ زێر و سامان !... شەرت بێ پەندێکتان پێ بکەم... تا هەتایە فرمێسکی پەشیمانی بڕێژن)!... پیرەژن لێمان دوورکەوتەوە و، چووە سەر گردێکی بڵند... لەوێ جادووەگەی خۆی بەکارهێنا و... ئێمەی تێکەڵی زێڕەکە کرد و، شارەکەمانی نقومی ژێر زەوی کرد... ماکۆی کوڕیشمی، خستە ناو ئەنگوستیلەیەک و، لە پەنجەی خۆی کرد!... لەو وەختەوە شارەکەمان، بووە شاری زێڕین... ئێمە سێ ساڵ جارێک دێینەوە سەر زەوی، بۆ ماوەی دە ڕۆژ... ئینجا سێ ساڵی تر نقومی ژێر زەوی دەبینەوە

و... جێگاکەی دەبێتە بیابان، ئەوەی تەماشای بکات!... نازانێ ئێرە شارە و نقومی ژێر زەوییە!.

ئاستیاک نەختێک بێدەنگ بوو... ئینجا وتی: گەورەم، ئەم ڕووداوە، هەموو شەوێک لە منداڵییەوە... لە خەونم دادەبینم!...

پاشا وتی: لە خەون؟! بۆم باس بکە چۆنە؟!

ئاستیاک وتی: هەموو شەوێک لە خەونمدا، لاوێک بانگم دەکات، کە جلوبەرگی شازادەی پۆشیووە!... شازادەکە لەناو ئەنگوستیلەیەک دایە، داوای یارمەتیم لێ دەکات، بەڵام کە دەستم دەگاتە شازادە، سێبەرێکی ڕەش و ترسناک، ناهێڵێ لێی نزیک ببمەوە!.

پاشا سەری سڕما و، نەیتوانی هیچ بڵێ!... بەڵام ئاستیاک وتی: گەورەم ئەمن لەخۆڕا، ئەم خەونە نابینم... وادیارە چارەنووسمە و، تا هەتایە لەگەڵم دایە... ئەگەر شازادە ماکۆ ڕزگاری نەبێ... منیش لەو خەونە ڕزگاریم نابێ!... چاکیش دەزانم کە ئاسمان ڕێگای ئێرەی نیشان داوم!... چونکە تا شازادە ڕزگاری نەبێ، ئەمن خۆشی نابینم... بۆیە دەبێ شازادە ماکۆ ڕزگار بکەم، جگە لەمەش پێویستیم بە خاتوونە بایە، تا بگەڕێمەوە مەڵبەندەکەی خۆم...

پاشا وتی: شازادە چۆن ڕزگار دەکەیت؟ تۆ ناتوانی...

ئاستیاک وتی: گەورەم... دەبێ ئەتۆ ڕێگایەکم نیشان بدەیت!...

پاشا وتی: ڕزگارکردنی ماکۆ... تەنیا بەکوشتنی پیرەژنە، بەهۆی شیری ئەفسووناوی... کە هێزێکی ئەفسوونی تێدایە، دەڵێن ئەم شیرە ئەفسووناویە، دەکەوێتە نێو چیای ئاگرین... بەڵام گەیشتن بەم چیایە مەحاڵە!. هەندێکیش دەڵێن، بوونی ئەم شیرە ڕاستی نییە، چونکە تەنیا ئەفسانەیە.

ئاستیاک وتی: چەند کەسێکم لەگەڵ بنێرە... تاکو یارمەتیم بدەن بۆ دۆزینەوەی چیای ئاگرین!.



پاشا وتی: بەڵام ئێمە ناتوانین... چونکە هەرکەسێک، لە سنووری شاری زێڕین دەرچێ، یەکسەر دەمرێ!...

ئاستیاک وتی: کەواتا ناچارم بەتەنیا بڕۆم!...

پاشا وتی: دەمەوێ ئەوە بزانیت... کە ئێمە بۆ ماوەی دە ڕۆژ، لەسەر زەوی دەبین... ئەمڕۆ سێیەم ڕۆژمانە... ئەگەر تا حەوت ڕۆژی تر، پیرەژن لەناو نەبەیت... تاکو سێ ساڵی تر هیچت پێ ناکرێ!...

ئاستیاک دوعابوونی لە پاشا خواست... ئینجا بەرەو چیای ئاگرین کەوتە ڕێگا... هەر ڕۆیشت، ڕۆیشت... تا گەیشتە ناو دارستانێک... ئەوکاتە لە سنووی شاری زێڕین ڕزگاری ببوو... لەناو دارستانەکە گوێی لە دەنگی ئاژەڵەکان بوو، قسەیان دەکرد... ئاستیاک دڵی خۆش بوو بەوەی، کە لە زمانی گیاندارەکان دەگەیشت!... دوو چۆڵەکەی خنجیلانەی بینی، لەسەر دارێک هەڵنیشتبوون و قسەیان دەکرد!... ئاستیاک لێیان نزیک بووەوە و وتی: ئەم کاتەتان باش!...

چۆڵەکەکان وتیان: ئەم کاتەت باشتر!...

ئاستیاک وتی: چۆڵەکە جوانەکان... چیای ئاگرین، لەکوێڕا بدۆزمەوە؟... چۆڵەکەکان سەیری یەکتریان کرد و!... لە شەقەی باڵیان دا و فڕین، بەپێکەنینەوە وتیان: چیای ئاگرینی چی؟ ئەوێ ترسناکترین پارچەی زەوییە!... دیارە تۆ شێت بوویت!...

ئاستیاک دیسان ملی ڕێگای گرتەوە... ئەم جارە تووشی بەچکە مەیموونێک بوو!... مەیموونەکە قاچی، لە چاڵێک گیر ببوو، ئاستیاکیش قاچەکەی بۆ دەرهێنا و، بۆی هەتوان کرد... پاشان هەڵی گرت و بردیەوە لای دایک و باوکی!... ئەوانیش سوپاسیان کرد و چەند مۆزێکیان بەدیاری بۆ هێنا، ئاستیاک بەمەیموونەکانی وت: دەتوانن شوێنی چیای ئاگرینم، نیشان بدەن!...

پیرە مەیموونێک، کە باپیرەی بەچکە مەیموونەکە بوو، کە گوێی لەناوی

چیای ئاگرین بوو... لە جێگای خۆی ڕاچەنی... چاوەڕەشەکانی، غەرقی ژێر هەردوو ئەبرۆیە سپییەکانی ببوون... بۆیە بەحاڵ هەڵی دەێنان!... پیرە مەیموون بە ئاستیاکی وت: چیای ئاگرینت بۆچییە؟!

ئاستیاک وتی: دەمەوێ شیرە ئەفسووناویەکەم دەستکەوێ...

پیرە مەیموون وتی: گەیشتن بەم چیایە، زۆر سەختە... بەڵام کەسێک هەیە دەتوانێ یارمەتیت بدات!... لەودیو ئەم شاخانەی بەرامبەرمان... دێوێکی گەورە دەژی... بەڵام زۆر دڕندەیە، ئەم دێوە لە ئەشکەوتێک دەژی... خزمەتکارێکی زۆریشی هەیە... ئەوەی نزیکی ئەشکەوتەکەی بێتەوە، تەفروتونای دەکات، ئەم دێوە دوو دڵی هەیە، دڵێکی وەکو ئێمە لەناو لەشی دایە، دڵێکی تریشی لەناو شووشە دایە، ئەگەر توانیت دڵەکەی ناو شووشە دەربێنی... هەرچی لێ داوا بکەیت... بۆتی بەدی دێنێ... تەنیا ئەویش، دەتوانێ یارمەتیت بدات! ئاستیاک، سوپاسی پیرە مەیموونەکەی کرد، بەرەو ئەشکەوتی دێو کەوتەڕێ... ڕێگای شاخەکە زۆر سەخت و دژوار بوو... بەڵام لە ئاکام گەیشتە ئەشکەوتی دێوەکە، بینی چەند خزمەتکارێک، دەهاتن و دەچوون، کە چاویان بە ئاستیاک کەوت داوایان لێکرد بڕوات... ئەگینا دێوەکە لەتوپەتی دەکات!... بەڵام ئاستیاک، چاوەڕێی کرد تا دێو گەڕایەوە... دەمەو ئێوارە بوو دێو هاتەوە... کە گەیشت تەپوتۆزێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنایەوە!... دووباڵی زلی هەبوو... چاوەکانی ئاگریان لێ دەباری... ددانەکانی وەک خەنجەر بوون... لەگەڵ سێبەری خۆی بەشەڕ دەهات... دێوەکە چاوەکانی، بەملاو ئەولا گێڕا و هاواری کرد و نەڕاندی: بۆن دێ، بۆنی بنیادەمان دێ!... ئەوەی هاتووە ناو موڵک و سامانی من، با خۆی دەرخا... دەنا لەتوپەتی دەکەم...

ئاستیاک لە ترسان، ئۆقرەی نەمابوو!... بۆیە بەترس و لەرزەوە هاتە دەرەوە و وتی: گەورەم، ئەمن لێرەم!...

دێو پرسی: تۆ کێیت؟ بۆچی هاتوویە ئێرە؟...



ئاستیاک وتی: گەورەم، ناوم ئاستیاکە... ئەمن خزمەتکارێکی زۆر گورج و چالاکم... دەمەوێ بمکەیە بەندەی خۆت... چونکە لام سووە لەتۆ زیاتر خزمەتی هیچ کەسێکی تر بکەم...

دێو وتی: هەرچەندە جارێ لێت دڵنیا نیم، بەڵام با وابێ... دەبێ تا هەتایە خزمەتم بکەیت... ئەگەرنا خۆت دەزانی چیت بەسەر دێت!...

ئاستیاک وتی: گەورەم، ئەمن تا هەتایە بەندەی تۆمە...

بەم جۆرە ئاستیاک توانی دێوەکە ڕازی بکات... بەڵام هێشتا ئەرکێکی گەورەتری لەئەستۆ بوو... ئەویش دەستکەوتنی دڵەکەی ناو شووشە بوو!...

بەیانی پێش ئەوەی دێو بڕوات، کۆمەڵە کلیلێکی دایە دەست ئاستیاک و وتی: ئەم کلیلانە هی ژوورەکانی منە... یەک بەیەک خاوێنیان دەکەیتەوە... بەڵام وریابە، ئەم کلیلە بچووکە، هی ژوورێکە نەیکەیتەوە... ئەگینا خەبەرم دەبێت و خێرا دەگەمەوە سەرت... ئەوکاتە بەساغی قووتت دەدەم!... ئاگاداریش بە، بەرلەوەی بگەڕێمەوە، هەموو ئیشەکانت تەواو کردبێ...

ئاستیاک وتی: فەرمانت لەسەر چاوانم...

دێوەکە ڕۆیی... ئاستیاکیش هەموو ژوورەکانی خاوێن کردەوە!... تەنیا ژوورە بچووکەکە نەبێ!... ئاستیاک دەیزانی دڵەکە لەم ژوورە دایە... بەبێ ئەوەی گوێ لە قسەی دێو بگرێ، دەرگاکەی کردەوە و دڵەکەی لەناو شووشەیەک بینی... دڵەکەی لە جێگای خۆی هەڵدەبەزی و دادەبەزیەوە، ئاستیاک دەستەکانی درێژکرد، ویستی دەریبێنێ «لەپڕ دێوەکە، خۆی کرد بەژوورەوە، هاواری کرد: هەی نەفرەت لێکراو دەتەوێ دڵەکەم بدزیت؟

بۆیە هێرشی کردە سەر ئاستیاک، ئەویش دەستی بەشووشەکە کەوت... شووشەکە لە جێگای خۆی لەقی و، کەوتە خوارەوە و شکا، دێو کە بینی دڵەکەی لەم گۆڕە کەوتووە... سەری لێ شێوا و نەیزانی چی بکات!... بەڵام ئاستیاک پڕی دایە دڵەکە و بەهەردوو دەستی گرتی!... دێو بەسەر نواندنەوە

وتی: خانم، بەندەی تۆمە، هەرچی دەخوازی بۆتی جێبەجێ دەکەم...

ئاستیاک وتی: جارێ دەمەوێ، هەموو دیل و کۆیلەکانت ڕزگار بکەیت، ئینجا هەڵمگرە و بمبە چیای ئاگرین... بۆ هێنانی شیرە ئەفسوناویەکە.

دێو وتی: بۆ کۆیلەکان، فەرمانت بەچاوان، بەڵام ئەمن ناتوانم بتبەمە چیای ئاگرین، تەنیا دەریایەک هەیە، لەمن زیاتر کەس ناتوانی بیپەڕێتەوە؛ لەو دەریایە دەتپەڕێنمەوە و، ڕێگاکەت بۆ ساناتر دەبێت...

دێو ئاستیاکی هەڵگرت... بەسەر دەریایەکی زۆر گەورەدا فڕی... دەعبای سەیری تێدابوو!... ئەوەی بەلایان تێپەڕ بوایە، قەت بەساغی دەرنەدەچوو... کە دەعبایەکان چاویان بەدێوەکە کەوت، سەریان ژێر نوقمی ئاوەکە دەکردەوە... تەنیا چاویان دیاربوو... دێو ئاستیاکی لە کەنار دەریاکە دانا و، پێی وت: لێرەوە بڕۆ دەگەیتە چیای ئاگرین... بەڵام وریابە، ڕێگات دەکەوێتە ناو دارستانێک... دەڵێن ئەم دارستانە دڕندەیەکی زۆر گەورەی تێدایە!... کەسیش نازانێ کێیە و چییە!... ئەوەی تووشی بووە لەم دارستانە دەرنەچووە... جا ئاگاداری خۆت ببە!...

ئاستیاک سوپاسی دێوەکەی کرد و ویستی بڕوات... بەڵام دێوەکە وتی: خانم، دەکرێ دڵەکەم پێ ببەخشیتەوە!...

ئاستیاک وتی: بەیەک شەرت... کە چیتر خەڵکی ئازار نەدەیت... بەڵێنم پێ بدە، لەمەودوا کاری خراپە نەکەیت!...

دێوەکە وتی: بەڵێن بێ چیتر ئازاری کەس نەدەم!...

ئاستیاک، دڵەکەی دایەوە دەست دێوەکە... ئەویش سوپاسی کرد و بەجێی هێشت... ئاستیاک ماوەیەک ڕۆیشت، ڕۆیشت... تا گەیشتە دارستانێک... لە دڵی خۆیدا وتی: وا دیارە دارستان لە بەرۆکی من نابێتەوە...

بەڵام ئاستیاک زۆر بەچرپە و، بەهێمنی هەنگاوی دەنا... دەترسا لەوەی دەعبایەکە بۆ بێ و کەس نەزانێ چی بەسەر هاتووە... لەپڕێکی گوێی لە



نەڕەی دڕندەیەک بوو!... بەڵام ئاستیاک بەترسەوە هەنگاوی دەنا، نەیدەزانی چی بکات... چونکە دەنگەکانی گڕ و ترسناک بوو!... ئاستیاک سەری لێ شێوا... بۆیە بەهەموو هێزی خۆی ڕایکرد... ڕای دەکرد بەرەو کوێ؟ خۆشی نەیدەزانی!... هەر ڕای دەکرد دڕندەکەش بەدوای بوو... ئاستیاک چاوی دەگێڕا حەشارگەیەک نەبوو، خۆی تێدا مەڵاس بدات لەپڕ قاچی بەدرکێکی ئەستووری دارێک کەوت و... کەوتە سەر چۆکەکانی... ئیدی هێزی ڕاکردنی نەما... بۆیە چاوەکانی نووقاند و، چاوەڕێی کرد، کە مەرگی بەدەست ئەم دڕندەیە بێت!... دەمێک بەم جۆرە مایەوە... هەستی هیچ کەسێک نەبوو... کە چاوەکانی کردەوە پیرە شێرێکی گەورەی بەرامبەر وەستا بوو!... شێرەکە بەهەموو هێزی خۆی نەڕاندی... هەرچی ئاژەڵی ناو دارستانەکە هەبوو... بۆ حەشارگەکانیان ڕایان دەکرد... باڵندەکانیش خێرا دەفڕینەوە ئاسمان... شێرەکە ڕووی لە ئاستیاک کرد و وتی: بۆچی هاتوویە ناو دارستانی من؟ هەر ئێستا هەنجن بەهەنجنت دەکەم!...

ئاستیاک وتی: دەبێ لەم دارستانە، تێپەڕم، چونکە دەچمە چیای ئاگرین، تا شیرە ئەفسووناویەکە بهێنم و شازادە ماکۆی پێ ڕزگار بکەم...

شێر وتی: هەرگیز ڕێت پێ نادەم... بەم دارستانەی مندا بڕۆیت...

ئاستیاک بەپاڕانەوە وتی: ئەی شێری بەڕێز... تکات لێ دەکەم هاوکاریم بکە...

شێر وتی: نەخێر... هەر ئێستا دەتخۆم.

ئاستیاک چاوەکانی پڕ لە گریان بوو، ئینجا وتی: دەکەواتا هەر ئێستا بمکوژە... نەوەکو بەسەرشۆڕی بگەڕێمەوە و، پێم بڵێن نەیتوانی شاری زێڕین ڕزگار بکات و بگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی!... (پاشان دەستی بەگریان کرد)...

شێر لە ئاستیاک هاتە پێش و وتی: مەگریە ئازیزەکەم... تۆ کچێکی دڵ نەرمی... ئەمن وامزانی، هەموو مرۆڤێک، دڵ و دەروون پیسە... گوێم بۆ

دێره، با چیرۆکی خۆمت بۆ بگێڕمەوە...

ئاستیاک چاوەکانی پڕ لە گریانی سڕیەوە و، سەرنجی دایە شێرەکە!...

ئینجا شێرەکە وتی: زەمانێک پێش ئێستا، پاشایەتی ئەم دارستانەم دەکرد... خێزانێکی بەختەوەرم هەبوو... هەموو گیاندارەکان، لەژێر سێبەری من، ئازاد و کامەران بوون... هەتا جارێکیان چەند مرۆڤێک، هاتنە ناو دارستانەکەمان... دەستیان بۆ سەر گیاندارەکان درێژکرد و، زۆریان ئازاردان... ڕاویان دەکردن و چەندین ئاژەڵیشیان لەگەڵ خۆیان برد... هەتا نۆرە گەیشتە سەر خێزانەکەی من... ئەو وەختە ئەمن لە ڕاوکردنم بووم... کە گەڕامەوە هەموو خێزانەکەمیان لەناوبردبوو... بەچکەکانی منیان سەربڕی بوو... منیش ئاگر لە دڵم بەربوو... بۆیە بەشوێنیان کەوتم، کە گەیشتمە لایان هێرشم بۆیان برد... دوو کەسم زۆر بەسەختی بریندار کرد نەمدەویست کەسیان، بەزیندوویی بهێڵمەوە... بەڵام چەقۆیەک لەناو قاچم چەقی... نووکەکەی تێیدا شکا، هەتا ئێستا، لەبەر ئازاری ئەم نووکە چەقۆیە دەناڵێنم!...

ئاستیاک وتی: بەڕاستی ڕووداوێکی خەمناکە... ئەی هەوڵت نەداوە ئەم چەقۆیە لەناو قاچت دەربێنی؟!...

شێر وتی: ئەمن بۆ خۆم ناتوانم، کەسیش شک نابەم، هەتا بۆمی چارەسەر بکات!...

ئاستیاک وتی: ڕێگام پێ دەدەیت... سەرنجێکی بدەم، ئەمن شارەزاییم هەیە، ئەگەر توانیم بۆتی چارەسەر دەکەم!...

شێر وتی: دەتوانی ئەم کارە بکەیت؟! ئەگەر ئەم چەقۆیەم بۆ دەربێنی... تا هەتایە ئەم چاکەیەت، لە یاد ناکەم...

ئاستیاک، تەماشای جێگای چەقۆیەکەی کرد دەبریسکایەوە، سەری چەقۆکەی گرت و، بەهەموو هێزی خۆی ڕایکێشا... شێر لەگەڵ دەرهێنانی چەقۆکە... بەهەموو هێزی نەڕاندی و، لە هۆشی خۆی چوو!... ئاستیاکیش،



جێگای برینەکەی، زۆر جوان بۆ هەتوان کرد...! پاش ماوەیەک، شێر گەڕایەوە هۆش خۆی، بە ئاستیاکی وت: تۆ منت لە ئازارێک ڕزگار کرد... چەند ساڵێکە بەدەستیەوە دەناڵم، بخوازە لە ماڵی دونیا... چونکە ئەمن زۆرم لە زێڕ و زیو هەیە!...

ئاستیاک وتی: ئەمن ماڵی دونیام ناوێ... دەمەوێ بچمە چیای ئاگرین... بۆ ئەوەی شیرە ئەفسووناویەکە بێنم...

شێر وتی: گەیشتن بەم چیایە ترسناکە، زۆر سەختە... بەڵام یەک کەس هەیە... دەتوانێ بەسانایی یارمەتیت بدات... ئەویش باڵندەیەکی زۆر گەورەیە... ناوی باڵەبانە!... ئەم باڵندەیەش زۆر لەخۆباییە... یارمەتی کەس نادات!...

ئاستیاک وتی: ئەی چارە چییە؟...

شێر وتی ئەم باڵندەیە دوژمنێکی هەیە... دوژمنەکەی مارێکی زۆر گەورە و بەهێزە... هەرکە باڵەبان هێلکە دادەنێت... لە هەر جێیەک و شوێنەک بێت!... مارەکە لێی دەخوات و، باڵەبانیش هیچی پێ ناکرێت!... ئەگەر ئەم مارەت، لە پێش چاوی باڵەبان کوشت!... بەبێ شک یارمەتیت دەدات!...

ئاستیاک وتی: ماڵ وێران خۆم... ئەگەر باڵندەیەکی گەورەی وەکو باڵەبان، ئەم مارەی پێ نەکوژرێت... ئەمن هەر هیچ!...

شێر وتی: ئاخر باڵەبان نایەوێ ڕیشە جوانەکانی بفەوتێ!...

ئاستیاک وتی: لەبەر خاتری ڕیشەکانی... هێلکەکانی دەبەخشێ!... ئەمە چی باڵندەیەکە!...

شێر وتی: بەڵام مارەکەش بەهێزە... باڵەبانیش دەزانی دەرەوەستی نایەت!...

ئاستیاک بەخەمباریەوە وتی: وا دیارە، لە چاڵێک ڕزگاریم دەبێ... تاکو بکەومەوە ناو چاڵێکی تر... ئەمن بەختەکەم بەمجۆرەیە... خەتای کەس نییە!...

شێر وتی: خەم مەخۆ... ئەگەر ئازا و ورە بەرزبیت... دەتوانی لەناوی بەبەیت!...

ئاستیاک وتی: ئاخر چۆن؟!...

شێر وتی: هەر ئێستا هەڵت دەگرم... دەتگەیەنمە چەند ڕیزە دارێک لە کوارگ... ئەمانە داری زل و بەهێزن، ڕەنگیان سەوزە... کوارگێک نەبێ بەتاقی تەنیا، کە ڕەنگی سوورە... چونکە ژەهراوییە!... کوارگەکە لە جێگای خۆی هەڵدەبڕین... ئینجا بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆین!... هێلانەی باڵەبان بەڕوونی دەبینین... چونکە دەکەوێتە، سەر ماهێکی بڵیند... باڵەبانیش بەجوانی دەمانبینی... مارەکە لە دوور ڕا بەرەو ڕوومان دێت!... چونکە جێگایەکە دەشتە و، مولکی مارەکەیە!... ژەهری ئەم دارەش، زۆر بەهێزترە لە ژەهری مارەکە، ئەمن یارمەتیت دەدەم، کە لە دەمی مارەکەی بکەیت، ئەو وەختە بەسانایی لەناوی دەبەین... ئەوەش بزانە، دەبێ باڵەبان. لە وەختی کوشتنی مارەکە، ئاگاداربێ، ئەگینا یارمەتیمان نادات!... بەرلەوەی بڕۆن... شێر تەورداسێکی بۆ ئاستیاک هێنا و وتی: ئەمە پاشماوەی کەلوپەلی، مرۆڤەکان بوو، لێرە بەجێما، ئەمنیش هەڵم گرت... ئێستاش بەکەڵکمان دێت، بۆ بڕینەوەی دارەکە!...

بەمجۆرە شێر، ئاستیاکی هەڵگرت و بردی!... هەرچەندە پیر و کەتەخت بوو، بەڵام هێز و تاقەتی هەر مابوو... لە ڕێگادا ئاستیاک بیری دەکردەوە، کە دوو ڕۆژی دیکە بەم ڕێگایەدا دەڕوات... ئەگەر سێ ڕۆژی تر... پیرەژن لەناو نەبات... هەتا سێ ساڵیتر هیچی پێ ناکرێت!... ئەم دوو ڕۆژەی ڕێگا... شێرەکە ئاستیاکی هەڵگرتبوو، حەسانەوەی نەبوو... چونکە کات فرە بەپەلە بوو... دەبوایە بەزووترین کات بگەنە لای دارەکان؛ دوای دوو ڕۆژ لە ڕۆیشتن و ماندووبوون، ئاستیاک و شێرەکە، گەیشتنە شوێنی کوارگەکان... دارە سوورەکەیان، بەهۆی تەورداسەکە بڕی و، ئاستیاکیش بەپەلکی دارێکی گەورە هەڵی گرت... چونکە ژەهراوی بوو!... ئیدی لەگەڵ پیرە شێر، بەرەو ڕۆژئاوا، کەوتنەوە ڕێگا، زۆری نەبرد هێلانەی باڵەبان،



بەدیار کەوت!... هێلانەی ئەم باڵندەیە زۆر گەورە و فراوان بوو... باڵەبانیش یەکجار جوان بوو... وێنەی لە هیچ ئەرزێک و ئاسمانێک نەبوو... پەڕە نەخشینەکانی سۆمای چاویان دەبردن... باڵەبان کە چاوی بە ئاستیاک و شێرەکە کەوت... دەستی بەخوێندن کرد... ئاوازێکی ئەوەندە خۆشی دەچڕی... هەموو سروشتی وە سەما هێنابوو! لە پڕ!... مارێکی گەورەی سەر زل و، دزێو بەدیار کەوت!... مارەکە ئەوەندە گەورە بوو، سێ چوار کەسی هەر بەسانایی، قوت دەدا... ڕووبەڕووی ئاستیاک و شێرەکە وەستا... سەرنجی هەردووکیانی دەدا، کە یەکەم جار پەلاماری کامیان بدات!... باڵەبانیش کە مارەکەی بینی، بێدەنگ بوو... چاوەڕێی دەکرد تا بزانێ چی ڕوو دەدات! شێر بە ئاستیاکی وت: ئەمن بۆ لای خۆمی بانگ دەکەم... تۆش هەرچۆنێک بێت، دارەکە بخە ناو دەمی!...

مارەکە زیاتر لێیان نزیک بووەوە... شێرەکە نەڕاندی کە لەگەڵی بەشەڕ بێت... مارەکە سەرنجێکی شێرەکەی دا... بەڵام بەرەو ئاستیاک سەری سووڕاند... ئاستیاکیش ورەی خۆی نەدۆڕاند... بەڵکو خۆی ئامادە کرد بۆ مارەکە... شێرەکە لە پشتەوە چرنووکی تیژی لە مارەکە گرت... مارەکەش دەمی کردەوە و ویستی پەلاماری شێرەکە بدات... ئەو وەختە ئاستیاک نزیک بووەوە و، دارەکەی خستە ناو دەمی مارەکە... زۆری نەبرد مارەکە ڕەنگی سوور بوو، هیچ هەناسەیەکی لەبەر نەما!... باڵەبان ئاگاداری ئەم ڕووداوە بوو، بەبێ دەنگی تەماشای دەکردن!... هەرکە زانی مارەکە گیانی لەبەر نەما... هاتە لای ئاستیاک و وتی: بخوازە لە ماڵی دونیا بۆتی ئامادە دەکەم!... تۆ دوژمنێکی زۆر دڕندەت لە بەرۆکی من کردەوە!...

ئاستیاک وتی: داخوازیەکم هەیە... ئەویش هێنانی شێرە ئەفسووناویەکەیە، لە چیای ئاگرین!... ئەو کارەش تەنیا، تۆ دەتوانی جێبەجێی بکەیت!...

باڵەبان وتی: ئەم چیایە، مەترسیەکی زۆری هەیە... بەڵام ئەمن بەهەر جۆرێک بێت یارمەتیت دەدەم... خێرا وەرە سەرپشتم!...

ئاستیاک پێش ئەوەی بڕوات... بەشێرەکەی وت: ئەم چاکەیەت لە بیر ناکەم، هەتا دەمرم...

شێر وتی: ئازیزەکەم – لە بیر نەکەیت تۆش یارمەتی منت دا... تۆ کچێکی چاکی... بڕۆ لە هەر هەنگاوێک... خێر و خۆشی ببینی!...

ئاستیاک ماچێکی لە نێوچاوانی شێرەکە کرد و وتی: تۆ باشترین هاوڕێی منی!... ئینجا ئاستیاک، دوعابوونی لە شێرەکە خواست و، سواری پشتی باڵەبان بوو... هەردووکیان بەئاسماندا فڕین... زۆری پێنەچوو، چیای ئاگرین وەدیار کەوت، چیایەکە کەوتبووە ناو دەریاچەیەک، زۆر ترسناک و پیس بوو... جانەوەری بچووک و سەیری تێدابوو... سەری ئاوەکە بڵقی دەکرد و دەتەقییەوە... شێرە ئەفسووناویەکە، لەسەر ترۆپکی دەبریسکایەوە... باڵەبان بە ئاستیاکی وت: (لە شێرەکە نزیک دەبمەوە... تۆش بەهەموو هێزی خۆت ڕایکێشە... بەڵام ئاگاداربە، دەبێ خۆت توند بەمنەوە بگریت)!... هەرکە ئاستیاک شێرەکەی ڕاکێشا... چیایەکە دەستی بەهەژان کرد... تا هێزی تێدابوو، ئاگری فڕێدا... ئاستیاکیش شێرەکەی ڕاکێشا و، لەم ئاگربارانە بەدەردەسەری و ماندووبوون ڕزگاریان بوو... باڵەبان ئاستیاکی، لە جێگایەکی دوور لە مەترسی دانا و، بەجێی هێشت... ئاستیاک شێرەکەی هەڵگرت و، ملی ڕێگای گرتەوە... هەتا ماندوو بوو هەر ڕۆیشت... لە ڕێگا تووشی گوندێک بوو!... خەڵکەکەی هەموو کورتە باڵابوون... بەقەدەر منداڵێکی بچووک بوون، بەڵام گوێیان زۆر درێژبوون... ئاستیاک زەردەخەنەی کەوتە سەر لێوان و، بەسەرسڕماوی تەماشای دەکردن!... کورتە باڵایەکانیش بەدەوری ئاستیاک، هەڵدەبەزین و دادەبەزین، دەیانوت: شێرە ئەفسووناویەکە ڕزگارمان دەکات، بەردە ئەفسووناویەکەمان بۆ دەگەڕێننەوە... جنۆکە گەورەمان بۆ دەکوژێت!...

ئاستیاکیان بردە لای گەورەی کورتە باڵایەکان... پیاوێکی پیری زۆر بەتەمەن بوو... پشتی وەکو ژووژک کووڕ ببوو... خۆی بەگۆچانێکی خواروخێچ ڕاگرتبوو... کەپووی وەکو سەرکە بزۆت سوور بوو... ڕیشی سپی



وەکو لۆکە لە زەوی دەخشا، پیرەمێرد... کە چاوی بە ئاستیاک کەوت... بەزەردەخەنەوە وتی بەخێربێی کچە شیرینەکەم... ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێت دەکەین!... تا جنۆکە گەورە، لەناو ببەیت و خاتوونە با، لە چنگی ئەم دڕندەیە ڕزگارکەیت...

ئاستیاک وتی: بەڵام ئەمن نەهاتووم، جنۆکە بکوژم... بەڵکو دەمەوێ شازادە ماکۆ، لە چنگی پیرەژنی جادووگەر!... ڕزگار بکەم...

پیرەمێرد وتی: پیرەژن بەندە و ژێردەستەی جنۆکەیە... بەفەرمانی جنۆکەش دەجووڵێتەوە...

ئاستیاک وتی: ئەمن لەم ڕووداوانە ناگەم!...

پیرەمێرد وتی: وەرە کچە شیرینەکەم، دانیشە و پشوویەک بدە... پێدەچێ زۆر ماندوو ببی... پاشان هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکەمەوە!...

ئینجا خواردن و خواردنەوەیان بۆ ئاستیاک هێنا... ئاستیاکیش، کەمێک حەسایەوە و ماندووبوون بەرۆکی بەردا...

پیرەمێرد دەستی بەگێڕانەوەی قسەکانی کرد و وتی: ئاستیاک گیان، ئێمە لەمێژە بەڕووداوی شاری زێڕین دەزانین... بەڵام هەمووی لەبن سەری جنۆکە گەورەیە... کە دەیەوێت بەهەر بارێک بێت، دەست بەسەر جیهان بگرێت... تاکو ئێستاش نەیتوانیوە، چونکە ئێمە لەوپەڕی جیهانین، دەتوانین بەهۆی بەردێکی ئەفسووناوی، هەموو کاروباری سەر زەوی ڕێک بخەین!... جنۆکە هەوڵی ئەوەی داوە بەهەر جۆرێک بێت، ئەم بەردەی بکەوێتە دەستی!... بۆ ماوەی هەژدە ساڵ پارێزگاریمان لەم بەردە کرد... لە لە باب و باپیرانمان بۆ ماوەتەوە!... لەبەرئەوەی کەس نەبوو بەکاری بێنێ... لە ترسی جنۆکە نەمادەزانی لەکوێی بشارینەوە!... پێش چەند ڕۆژێک، جێگای بەردەکەی بۆ ڕوون بوو، پاسەوانە دڕندەکانی خۆی نارد و دزیان!...

ئاستیاک هێشتا لە پیرەمێرد حاڵی نەبوو!...

بۆیە پیرەمێرد وتی: ئەم بەردە ئەفسووناوییە، هەموو کەس ناتوانێ

بەکاری بێنێ، تەنیا یەک تاقە کەس نەبێ، کە ڕۆژێ لە دایکبوونی مانگ لە ئاسمان گیرابێ!... لەناو ئێمەدا باوکم دەیتوانی بەکاری بێنێ... بەڵام باوکم کۆچی دوایی کرد، دوای ئەویش کەسمان شک نەدەبرد، چونکە ئەو کەسە دەبوایە... تەنیا لە جیهانی خۆمان بوایە... خاتوونە با، سەرپەرشتی بای هەموو ڕێڕەوەکانی دەکرد... دوای ئەوەی سکی پڕبوو... وەختی دانانی کۆرپەکەی مانگ گیرا... کە جنۆکە بەمەی زانی بەدوای خاتوونە با کەوت!... تاکو کۆرپەکەی بۆ خۆی ببات و، لە پاشەڕۆژ بۆ مەبەستی، خراپ و دزێوی خۆی بەکاری بێنێ!... بەڵام پێش ئەوەی جنۆکە، دەستی بگاتە کۆرپەکە... خاتوونە با کچەکەی لەناو سکی ئافرەتێکی ئاسایی دانا... تاکو نەکەوێتە دەست جنۆکە و نەیناسێتەوە، جنۆکە زۆری هەوڵدا، تاکو ئافرەتەکە بدۆزێتەوە بەڵام نەیتوانی!... بۆیە خاتوونە بای بەدیل گرت و، بردیەوە کۆشکی خۆی، چونکە دەیزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان، ئەم منداڵە دەگەڕێتەوە ئێرە و بۆ ڕزگارکردنی، دایکی دەجەنگێ!... بۆ ئەوەی ئەو منداڵەش، لە پاشەڕۆژ بەقسەی بکات!... دایکی بەدیل گرت، تا نەتوانێ هیچ شتێک لە ڕووی جنۆکە بکات!... لەو کاتەوەش جنۆکە بەدوای بەردەکە دەگەڕێ... تا کەوتە دەستی!...

ئاستیاک وتی: جا باپیرە ئەم کۆرپەیەی خاتوونە با، نەگەڕاوەتەوە؟!...

پیرەمێرد وتی: بێگومان!... چونکە ئەوەتا بەرامبەرم وەستاوە!...

پیرەمێرد لەگەڵ ئەم قسانە دەستی بۆ ئاستیاک درێژ کرد...

ئاستیاک بەسەرسڕمانەوە وتی: مەبەستت کێیە؟ ئەمن!... ئینجا بۆ؟!... ئەمن مرۆڤێکی ئاسایم!...

پیرەمێرد وتی: بەدەستی من و تۆ نییە... هەمووی لە کتێبی قەدەر نووسراوە، کە تەمەنت بووە هەژدە ساڵ، بگەڕێیتەوە جیهانی خۆت!...

ئاستیاک وتی: بەڵام ئەمن ئەو پاڵەوانە نیم... کە هەمووتان چاوەڕێی دەکەن... ئەمن کچێکی زۆر ئاساییم...



پیرەمێرد وتی: تۆ هەست بەخۆت ناکەی... چونکە هێزێکت هەیە، دەتوانی هەموو جیهانی پێ وێران بکەیت... دەشتوانی هەموو جیهانی پێ ئاسوودە بکەیت!...

ئاستیاک باوەڕی بەگوێیەکانی خۆی نەدەکرد... باوەڕی نەبوو کە کچی ئەو دایک و باوکە نییە، کە چەندین ساڵە پەروەردەی دەکەن و، بۆ ساتێکی خۆشی ئاستیاک، گیانیان دەبەخشن... ئاستیاک نەیدەتوانی باوەڕ بەم ڕاستییە بکات!...

بۆیە پیرەمێرد وتی: ئەزانم ئەمە ڕاستیەکی تاڵە... چەندین ساڵ لەگەڵ دایک و باوکێکی دڵسۆز بژیت، پاشان بۆت ڕوون بێ، کە دایکی ڕاستەقینەت ئافرەتێکی ترە، بەڵام ئەوەش بزانە، مەرج نییە ئەو کەسە دایک بێ، کە لە ڕەگوڕیشەی ئەو هەڵقوولابی... هەندێک جار ئەو کەسە دەبێتە دایک، کە خۆشەویستیەکی گیانیتان لە کوورەوە هەبێ... کچی خۆم... تۆ لە ئافرەتێکی ئاسایی بووی... بۆیە کچێکی ئاسایی و کۆرپەی ئەم ئافرەتەی...

ئاستیاک خەیاڵی بەرەو دواوە بردی... بۆیە وتی: لە بیرمە دایکم دەیگێڕایەوە و دەیوت: (کچی خۆم ئاستیاک... هێشتا تۆ نەببووی... دوو برایەکانت زۆر مناڵ بوون... بەهارێکیان دونیا زۆر هێمن بوو، ئێمەش هەر لە سپێدەی بەرەبەیان، چووینە دەشتێکی پڕ لە گوڵ و گوڵزار!... لە پڕێک بوو بەهەور و زریان... بروسک و باران دونیایان هەژاند... ئاسمان زۆر تووڕە بوو... دەتوت زریان و بروسک بەشەڕ دێن: ئێمەش نەمانتوانی بەهیچ لایەک بڕۆین... ناچاربووین خۆمان لە بن دارەکان شاردەوە... زۆری پێنەچوو ئاسمان کپ بووەوە... هەورەکە نەما و ئاورینگی خۆر، نازی سروشتی هەڵگرتەوە!... سەرنجی خۆم دا، سکم گەورە بووە... ژان و ئازارێکی بەهێز، سەرتاپای گیانی داگرتم... هەر ئەم کاتە تۆم بوو... بەڵام ئازیزەکەم، تۆ دیاریەکی بەنرخی ئاسمانی و... تەنیا سەمەرەیەک بوو، کە نیشانی ئێمەی دا)!... برایەکانم دەیانوت لە تەمەنێکی زۆر بچووک...

دەستم بەقسەکردن کردووە... چەند ئاژەڵی نەخۆشم چاک دەکردەوە، تەنیا دەستم بەسەری دادەهێنا، ئەو وەختە بەڵای لێ نەدەما... ڕۆژێک لە ڕۆژان، هەستم نەکردووە کە ئازارم هەبێ، یان نەخۆش بکەوم... ماندووبوونم نەزانیوە... چەند جارێکیش، دایکم بەچاوەکانی خۆی بینی بووی، کە شەو دەنووستم ئەگەر لێفەکەم لەسەر نەبوایە... سەربەخۆی لێفەکەم بەسەر دادەدرایەوە!...

پیرەمێرد زەردەخەنەیەکی کرد و وتی: ئەمانە ورەد با بوون... دایکت بۆ پاسەوانی کردنی تۆی ناردبوون... ئەو کاتەی تۆی بەسکی ئەم ئافرەتە سپارد... ئەم پاسەوانانەی لەلا بەجێ هێشتی!...

ئاستیاک وتی: باپیرە... شازادە ماکۆ، هەموو شەو لە خەونمدا دەبینم... داوای یارمەتیم لێدەکات، بەڵام ناتوانم ڕزگاری بکەم!...

پیرەمێرد وتی: (شاری زێڕین)!... شارێکی ئاسایی بوو... دوای ئەوەی جنۆکە خاتوونە بای بەدیل گرت و... کەسیش نەبوو بەردەکە بەکاربێنێ... یەکەم ڕووداوی دڕندەیی بەسەر ئەم شاردا هێنا!...

ئاستیاک وتی: باپیرە، بەردی ئەفسووناوی چۆن بەکاردێت!... ئاخۆ دەبێ جنۆکە بەمەبەستی چی، بەکاری بێنێ!؟...

پیرەمێرد وتی: بەردەکە تەنیا دەستی تۆی پێکەوێ ڕووناک دەبێ... هەرچی لێ داوا بکەی بۆتی جێبەجێ دەکات!... چونکە کاتی لە دایک بوونت، نەخۆر لە ئاسمان بووە... نەمانگیش دیاربووە... بەمجۆرە کاریگەری هیچ کامیانت لەسەر نییە... ئەم بەردە هێزی ئەستێرەیەکی ئاسمانی تێدایە... ئەم ئەستێرەیە چەند جارێک لە خۆر گەورەترە... تەنها ئەم کاتەش لە ئاسمان دیار دەبێ، کە مانگ گیرابێ. بۆیە ئەو کەسەی کە لە جیهانی ئێمە... وەختی لە دایک بوونی مانگ گیرا... هێزێکی پێ دەبەخشێ و دەتوانێ ئەم بەردە بەکاربێنێ!...

ئاستیاک وتی: ئێوە چۆن دەزانن، کە ئەم ئەستێرەیە هێز دەبەخشێ و؟!



جگە لەمەش ئەم بەردەتان چۆن دەستکەوتووە!؟...

پیرەمێردەکە وتی: هەزارەها ساڵ بەر لە ئێستا... باب و باپیرانمان هەر لێرە ژیاون... بەڵام ژیانیان زۆر سەخت و دژوار بووە... چونکە جنۆکەکانیش لێرە دەژیان...

ئاستیاک وتی: مەبەستت لە باب و باپیرانی جنۆکە... ئەو وەختە ئەوان دەستیان بەسەر زەوی گرتبوو!... هەرچەندە تەنیا بەشەو دەهاتنە دەرەوە... چونکە بەئاورینگی خۆر دەتاوێنەوە، لەگەڵ ئەوەش بەئارەزووی خۆیان، یارییان بەزەوی دەکرد... چونکە کەس نەبوو بەرامبەریان بوەستێ... بەسەدان کەسیان لە ئێمە دەکوشت و... بەهەزارەهای تریشیان بەدیل دەگرت و ئازاریان دەدان، وێنەی خۆیان لەسەر دیوارەکان دروست دەکرد، چۆن لەسەر لاشەی ئێمە دەڕۆن و، بەندە و کۆیلەیان لە هەموو بونەوەرێک هەیە... یەکێک لە باپیرە گەورەکانمان... کە لەگەڵ چەندانی تر لە شوێنێکی دوور لە دەستی جنۆکەکان دەژیا... ڕۆژێک بەردێکی زۆر جوان دەدۆزێتەوە... لەگەڵ خۆی دەیباتەماڵەوە و نیشانی هاوسەرەکەی دەدات... لەبەرئەوەی بەردێکی زۆر نایاب دەبێ... بۆیە لە سووچێکی دیاری ماڵەکەی دادەنێت... ناهێڵێت هاوسەرەکەی بەهیچ جۆرێک دەستی لێدا،... جارێک هاوسەرەکەی ناومالّی پاک دەکردەوە... سەرنجی بەردەکەی دا و لە دڵی خۆیدا وتی: ئەم بەردە، بەهۆی تەپوتۆزەوە جوانیەکەی نەماوە... بەدزی هاوسەرەکەم پاکی دەکەمەوە... ئەو چوزانی ئەمن دەستم لێی داوە)!... هەرکە دەستی لێ دەدات... بەردەکە ڕووناک دەبێتەوە... ئافرەتەکە هەست بەشتێکی سەیر دەکات... بەڵام لە ترسان بەردەکە دەخاتەوە شوێن خۆی!... کە مێردەکەی دەگەڕێتەوە، هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە... ئەویش داوای لێ دەکات، دووبارە دەستی لێ داتەوە... کە ئافرەتەکە دەستی لێ دەدات، بەردەکە ڕووناک دەبێتەوە... ئینجا ئافرەتەکە چاوی دەنوقێنێ، بەبێ ئەوەی هەست بەخۆی بکات... بەمێردەکەی دەڵێ: (ئەم بەردە بچووکە، لە ئەستێرەیەکی دووری ئاسمان، کەوتۆتە سەر زەوی... ئەم بەردە هێزێکی

سەمەرەی هەیە... بەڵام کەس ناتوانێ بەکاری بێنێ... تەنیا ئەو کەسەی لە کاتی لە دایک بوونی، مانگ گیرابێ!... چونکە ئەو ئەستێرە گەورەیە... ئەو وەختە دیار دەبێ و هێزێکی نائاسایی دەداتە ئەو کەسە!... ئەمنیش کاتی لە دایک بوونم، مانگ گیرابوو!... بۆیە دەتوانم بەکاری بێنم و... هەرچی لێ داوا بکەم بۆمی بەدی دێنێ)!... هاوسەرەکەی باوەڕی پێ نەکرد... بۆیە بردیە لای گەورەی خۆیان و، هەموو شتێکیان بۆ باسکرد... پاش ئەوەی ڕوون بوو کە ئەم شتە ڕاستە... بۆیە بڕیاریان دا کە ئەم بەردە... تەنیا بۆ کاری چاکە بەکاربهێنن و، جنۆکەکانیش لەناوببەن... بەمجۆرە توانیان جنۆکەکان، لە ڕەگوڕیشەوە لەناوببەن... تەنیا چەند جنۆکەیەک مانەوە، ئەوانیش خۆیان بزرکرد لەبەر چاوان... گەڕانەوە ژێر زەوی... بەهۆی ئەم بەردەوە، باب و باپیرانمان توانیان، زەوی لە خراپە و دڕندەیی جنۆکەکان، پاک بکەنەوە... لەپاڵ وێنەی جنکەکانیش... وێنەی خۆیان دروست کرد، کە چۆن توانیان بەسەر خراپە زاڵ بن... بۆیە تائێستا ئێمە پارێزگاری، لەم زەوییە دەکەین، بەهۆی ئەم بەردە... بەسەدەها کەس... لە پاشا و، جوتیار و، لاو و، پیرەمێرد، توانیان ئەم بەردە بۆ پارێزگاری زەوی و بەختەوەری خەڵکی، بەکاربهێنن... بەڵام ئەوان لە جیهانی ئێمە بوون!...

ئاستیاک، سینگی بەم قسانە فێنک ببوو... وەکو شنەبای نەرم... دەکەوتە بەرگوێی لە کوورەوە هەستی دەجووڵا و وتی: بەڕاستی سەیرە... ئەوەی تۆ دەیگێڕییەوە، کەس لە خەونیش نەیبیستووە!...

پیرەمێرد وتی: ئەزانم تۆ سەیرت بەم قسانەی من دێ... بەڵام تۆ لە جیهانێک ژیاوی، خەمی گەورەتان ئەوە بووە، چۆن بخۆن و بخەون و لە کوێ بژیو بکەن!... بەڵام خەمی ئێمە تەنیا ئەوە بووە، چۆن پارێزگاری لە ژیانتان بکەین!...

ئاستیاک وتی: بەڵام باپیرە پێت نەوتم... جنۆکە ئەم بەردەی بۆچییە ؟!

پیرەمێرد وتی: دوای ئەوەی جنۆکەکان لەناوچوون!... چەند کەسێکیان لێ مایەوە و، ئەوانیش خۆیان لەبەرچاوان بزرکرد... بەڵام لە ژێرەوە



خەریکی پلان دانان بوون... کە چۆن ئەم بەردەیان دەستکەوێ!... بەڵام بەهیچ بارێک نەیانتوانی ئەم بەردە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان... وەکو وتم جنۆکەکان بەئاورینگی خۆر دەتاوێنەوە بۆیە دوژمنی گەوریان خۆرە... جنۆکە گەورە دەیەوێ، خۆری ڕووناک، تا هەتایە ون بکات... بەمەش دەتوانێ هەموو جنۆکەکان زیندوو بکاتەوە و، دووبارە زەوی داگیرکەنەوە و، تۆڵەی خۆیان بکەنەوە... کاتێ کە خۆر دەگیرێ... جنۆکە هێزی بەردەکە ئاراستەی خۆر دەکات و، تا هەتایە لەناوی دەبات، بەمجۆرە ترسی خۆریش لەسەر جنۆکەکان تا هەتایە نامێنێ!...

ئاستیاک بەسەرسڕمانەوە وتی: باشە خۆر کەی دەگیرێت؟!... جنۆکە بەم مەبەستە خراپە ناگات...

پیرەمێرد وتی: (خۆشبەختی جنۆکە لەوەدایە، کە سبەی ئێوارە خۆر دەگیرێت!... ئێمە فەلەکناسمان هەیە... دەتوانین هەموو شتێکی دەرەوە و ناوەوەی زەوی بزانین)!...

ئاستیاک وتی: ئەی هاوار، ئەم کارەساتانە... بۆ وا لێک نزیکن!؟...

پیرەمێرد سەیری ئاستیاکی کرد وتی: چونکە هەمووی نووسراوە!...

کە شەو داهات، پیرەمێرد تەماشای مانگ و ئەستێرەکانی دەکرد... بە ئاستیاکی وت: ئاسمان زۆر حەزی لە ئارامییە... بەڵام ئێمەی بوونەوەر، هەموو کات لە شەڕ و ئاژاوە و خراپەکارین... باوەڕ ناکەم، هیچ کەسێکی دڵنەرم، حەزی لە سەربەخۆیی و هێمنی نەبێت... تەنیا ئەو کەسانە نەبێ... کە هەست بەنرخ و گەورەیی دڵیان ناکەن!...

پیرەمێرد هەناسەیەکی کووری هەڵکێشا و، ئینجا بە ئاستیاکی وت: سپێدە زوو لەگەڵ چەند جەنگاوەرێکی ئازای خۆمان بەرێکەوە!... بڕۆنە کۆشکی جنۆکە... ئەو ئەزیەتت نادات، چونکە پێویستی بەتۆیە... بەهەر جۆرێک بێ بەردە ئەفسووناویەکە بگەڕێنەوە... کچی شیرینم... داوای لێبووردنت لێ دەکەم!... چونکە هیچ پلانێکم نییە، بۆ لەناوبردنی جنۆکە،

خۆت دەزانی کاتمان فرە بەپەلەیە... دەبێ تەنیا زیرەکی و ئاوەزی خۆت بەکاربێنی!... ئەوەش لەبیر نەکەیت... شیرەکە بەکاربێنە بەکەڵکت دێ!...

ئاستیاک خۆی ئامادە کرد و، سپێدەی بەرەبەیانی لەگەڵ چەند کورتە باڵایەک، بەرەو کۆشکی جنۆکە بەڕێکەوت!... لە ڕێگادا تووشی کەمتیارێکی دڕندە بوون!...

کەمتیارەکە ڕێگای لێ گرتن و وتی: بۆ کوێ دەچن؟

ئاستیاک وتی: بەرەو کۆشکی جنۆکە...

کەمتیارەکە بەترسەوە وتی: کۆشکی جنۆکە؟... ئەو جێگایە پڕ لە مەترسییە... تکایە مەڕۆنە ئەوێ... تۆ کچێکی نازداری، جنۆکە ڕەحم بەکەس ناکات!...

ئاستیاک وتی: تکایە پێشمان لێ مەگرە!...

کەمتیارەکە بەهەناسەیەکی پڕ لە خەمۆکییەوە وتی: ساڵانێک پێش ئێستا... کۆشکی جنۆکە هی من بوو!... ئەمن پاشای ئەم وڵاتە بووم!... لەبەرئەوەی ملکەچیم بۆ جنۆکە نەکرد... بۆیە منی کردە ئەم کەمتیارە دزێوە... میللەتەکەشمی کردە دڕکوداڵی شوێنەکە... ئەگەر هەر کەسێک بچێتە کۆشکی جنۆکە... دەبێ بەسەر دڕکەکان تێپەڕێ!... دڕکەکانیش لەژێر پێیت قیژە و هاوار دەکەن... بەمجۆرە جنۆکە دەزانێ، کەسێک نزیکی کۆشکەکەیەتی...

ئاستیاک وتی: جنۆکە بەم شیرەی دەستم دەکوژرێ... دڵنیابە ڕووبەڕووی من هیچی پێ ناکرێت... چونکە ئەو کەسەم کە دەتوانم بەردە ئەفسووناوییەکە بەکاربێنم!...

کەمتیارەکە وتی: تۆ کچی خاتوونە بای!... بەڵێ کچی خاتوونە بای!... کەواتا منیش لەگەڵ خۆتان ببەن... یارمەتیتان دەدەم، باوەڕم پێ بکەن، یارمەتیتان دەدەم... یەکێک لە کورتە باڵایەکان، بەگوێی ئاستیاک چرپاندی و وتی: مەترسە، ئەوەی دەیگێڕێتەوە ڕاستە... با لەگەڵ خۆمانی



ببەین... چونکە بەکەڵکمان دێت!...

بەمجۆرە کەمتیارەکە، لەگەڵ ئاستیاک و کورتەباڵایەکان، بەرەو کۆشکی جنۆکە کەوتە ڕێ... لەملاوەش جنۆکە ئاگاداری هەموو شتێک بوو... دەیزانی ئاستیاک کێیە و بۆچی هاتووە!... دەیتوانی هەر لە ڕێگا لەناوی ببات... بەڵام جنۆکە باش دەیزانی، کە ئاستیاک، ئەو تاقە کەسەیە، دەتوانێ بەردە ئەفسووناویەکە بەکاربێنێ... بۆیە لێی گەڕا، تا بەپێیەکانی خۆی دێتە بەردەمی!... دوای ئەوەی ئاستیاک و هاوڕێکانی گەیشتنە نزیک کۆشکی جنۆکە... کەمتیارەکە لەگەڵ دڕکەکان قسەی کرد و وتی: ئەی خەڵکینە... ئەی میللەتە دڵسۆزەکەم... ئەمن پاشای ئێوەم... دەمەوێ لەگەڵ هاوڕێکانم بچینە ناو کۆشکی جنۆکە... تکاتان لێ دەکەم، هیچ دەنگەدەنگێک مەکەن... ئەزانم کە بەسەرتان تێدەپەڕین ئازار دەکێشن... بەڵام بەرگە بگرن... ئەم دەردەسەریە زۆری نەماوە... چونکە ئاستیاک کچی خاتوونە با گەڕاوەتەوە... تەنیا ئەویش دەتوانێ جنۆکە لەناو ببات، بەهۆی بەردە ئەفسووناوییەکە!...

دەوروبەری کۆشک هەمووی دڕکوداڵ بوو... پەڵەهەورێکی ڕەش سەر کۆشکی گرتبوو!... تاریکستانێک بوو بۆ خۆی... تەنیا دەنگی بۆقەکان دەهات، لە زەلکاوە نزیکەکان... ئاستیاک و هاوڕێکانی زۆر بەسانایی پەڕینەوە، چونکە دڕکەکان ڕێگایان بۆ چۆڵ دەکردن... کەگەیشتنە کۆشک دەرگاکەی واڵابوو... حەوشی کۆشک کەسی لێ نەبوو... دونیا کپ و کڕ بوو... ئاستیاک وایزانی جنۆکە، بەهاتنی نەزانیوە... بەڵام لەپڕ کەوتنە ناو تۆڕێک و هەموویان دەستگیر کران!... ئاستیاکیان لە ئەوانی تر، جیاواز کردەوە... پاسەوانەکان سەروسیمایان ڕەش پۆشی بوو... بەپلیکانەیەک ئاستیاکیان بردە خوارەوە!... ئینجا لە ژوورێک، بەتەنیا بەجێیان هێشت!... ژوورەکە هەمووی ئاوێنەبەند بوو، زۆر شتی گرانبەهای لە زێڕ و زیو تێدا بوو... بەسەدەها مۆم لە ژوورەکە داگیرسابوو... ژوورەکەیان وەکو ڕۆژی نیوەڕۆ، ڕووناک کردبوو... لەپڕێکا ئاستیاک، گوێی لە تەقەی پێی

کەسێک بوو... هەنگاوەکانی هێدی هێدی، نزیک دەبوونەوە... ئەو وەختە یەکێک لە پشت ئاستیاک وەستا و، دەستی لەسەر شانی دانا... ئاستیاکیش کە دەستەکەی بینی زراوی ڕژا!... دەمارەکانی شین دەچوونەوە... نینۆکەکانی لە خەنجەر تیژتربوون، کە ئاوڕی دایەوە، ویستی بقیژێنێ... بەڵام بەزۆری دانی بەخۆی گرت... چی ببینێ!... مرۆڤ لە ژیانی دا وێنەی وا کەم دەبینێ... بگرە زۆر بەدەگمەن... جانەوەرێک بوو، وێنەی لە ئەرز و ئاسمانان نەبووە، ئەوەی لە خەون بیبینێ شێت دەبێ!... ئەوەی بەخەیاڵ بۆی بچێ، خەیاڵی خۆی دەکوژێ... بەڵام ئاستیاک بەچاوەکانی بینی... جانەوەرێکی ڕەش ڕەش... لاشەیەکی گەورە و زل... هەردوو چاوی سووربوون... کەپووی درێژ و کەوانەیی بوو... ددانەکانی وەکو بزمار شۆڕ ببوونەوە سەر لێوانی... دوو شاخی زۆر گەورەی بەسەریەوە نووسابوون... دەمی ئەی هاوار بۆ دەمی... چەند بەد و ناشیرن بوو! دەمارەکانی لەشی لەناو پێستە ڕەشەکەی، وەکو ئاوێنە ڕوون بوون... کلکی درێژ بوو... هەموو لەشی دڕک بوو... ئاستیاک زۆری نەمابوو دەست بەگریان بکات... بەڵام هەر دانی بەخۆی داگرت...

جانەوەرەکە وتی: بەخێربێت ئاستیاک گیان!... من جنۆکە گەورەم...

ئاستیاک ترسەکەی بەری دا و، بەتووڕەبوونەوە وتی: کەواتا تۆی جنۆکەی دڕندە!...

جنۆکە وتی: (جنۆکەی دڕندە)، ئای کە نازناوێکی خۆشە... (دڕندە)!... ئەوە باش بزانە، کە ئەم دڕندەیە... بەم زووانە دەبێتە سەرداری هەموو جیهان...

ئاستیاک وتی: دوور مەڕۆ... چونکە ئەو شتانەی دەمانەوێ... هەموویان بۆمان نایەنەدی!...

جنۆکە دەستی بەپێکەنین کرد...

ئاستیاک تووڕە بوو وتی: بەچی پێدەکەنیت نەفرەت لێکراو... خۆت



بەچی زانیوە... کە بەمجۆرە لە خۆت ڕازی...

جنۆکە وتی: تا ئێستا نەمزانیوە ئەمن چیم... هەرکە چاوم کردەوە لە تاریکی ژیام... کەس بەمن ڕازی نییە... تەنانەت خۆریش ڕقی لەمنە... هەر ئەوەندە فێرکرام... کە ئەوەی لە شێوەی خۆم نەبێ... دوژمنی منە... ئێمەی جنۆکە بەناحەز و دزێو ناومان دەبەن... بۆیە دەبێ هەموو شتێکی جوان لەناو ببەم... یەکەمجاریش بەخۆر دەست پێ دەکەم... چونکە دوژمنی گەورەی منە... ئەم خۆرە گەورەوگرانە بەهۆی بەردە ئەفسووناوییەکە لەناو دەبەم... چونکە ئێستا بەردەکە لە چنگی منە!...

ئاستیاک وتی: تۆ دەزانی کە ئەم بەردە، هەر ئەمن دەتوانم بەکاری بێنم... بەڵام من ئەم کارە ناکەم!...

جنۆکە وتی: تۆش دەزانی، کە خاتوونە بای دایکت، لەلای من میوانە!... ئەگەر بەقسەی من نەکەیت... تا هەتایە دایکی ڕاستەقینەت نابینیەوە!... ئەزانی چی لێ دەکەم... دەیخەمە ناو سندوقێکی گچکە و، فڕێ دەدەمە ناو ئاگر!...

ئاستیاک بەهەڵچوونەوە وتی: تۆ هیچ نیت... بەڵێ هیچ نیت... لە دڕندەیەکی بێدەسەڵات و بێهێز زیاتر نیت!...

جنۆکە هاواری کرد: من هیچ نیم!؟ (پاشان هێمن بووەوە و بەدەنگێکی ئارام) وتی: ئەمن جنۆکە گەورەم... بەم زووانە هەموو جیهان داگیر دەکەم... هەموو مرۆڤێک، هەموو گیاندارێک، بگرە هەموو بوونەوەرێک دەبنە ژێردەستە و کۆیلەی من (پاشان هاواری کرد): بەڵێ هەموو مرۆڤێک، هەموو شتێک، دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی من!... (جنۆکە بەهەموو هێزێکی هاواری دەکرد).

دەنگی جنۆکە ئەوەندە گەورە و ترسناک بوو... ئاستیاک گوێیەکانی خۆی توند گرتبوو... کارەکەر و خزمەتکارەکان، لە دەرەوە زەندەقیان چووبوو... هەرچی شەمشەمە کوێرەی کۆشک هەبوون، لە ترسانا فڕین...

قەڵەڕەشەکانیش دەنووکیان خستەوە ژێر باڵەکانیان و، لە هێلانەکانیان مات ببوون!...

جنۆکە هێمن بووەوە... ئینجا وتی: دەبێ یارمەتیم بدەیت... بۆ ئەوەی دەست بەسەر جیهان دابگرم...

ئاستیاک وتی: بەڵام تۆ ئاژەڵیت... ئاژەڵیش ناتوانێ حوکم بگێڕێ و بەئەقڵ بیربکاتەوە...

جنۆکە وتی: ئازیزەکەم... هەموومان ئاژەڵین و ئەقڵمان هەیە!... بەڵام مرۆڤی نەفرەت لێکراو... تەنیا خۆی بەسەردار و ئەقڵدار دەزانێ!...

ئەو وەختە لە دەرگا درا... پیرەژنێکی چرچ هاتە ژوورەوە... کڕنوشی بۆ جنۆکە برد و وتی: گەورەم وەختی ئەوە هات کە خۆمان ئامادە بکەین... تەنیا لەسەر فەرمانی جەنابت ماوە!...

جنۆکە وتی: هەر لە ئێستاوە خۆتان ئامادە بکەن... خاتوونە با لەگەڵ دیلەکانیش ئامادە بکەن!...

ئاستیاک کە سەرنجی پیرەژنەکەی دا... بینی ئەنگوستیلەیەکی گەورەی لە پەنجەیە... زانی ماکۆی شازادە لەناو ئەم ئەنگوستیلەیە بەندە!...

جنۆکە بە ئاستیاکی وت: ئاستیاک گیان... ئەگەر یارمەتیم بدەیت، بۆ ونکردنی خۆر... دەتکەمە کەسێکی نزیک خۆم... هەرچیت ویست لە زێڕ و زیو و سامان پێت دەبەخشم... جگە لەمەش، دەتکەمە شاژنی هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی... ئەگەر یارمەتیشم نەدەیت، لەگەڵ دایکت دەتخەمە ناو ئاگرا!...

ئاستیاک لە دڵی خۆیدا وتی: ئەگەر یارمەتی نەدەم... ئەوا دایکم لەناو دەبات... بەڵام ئەگەر فێڵێکم لێکرد و پێم وت یارمەتیت دەدەم... تاکو بەردەکەم دەکەوێتە چنگ... ئەو وەختە چارەنووس هەموو شتێک بەدیار دەخات...

بۆیە ئاستیاک وتی: من ڕازیم... بەڵام بەمەرجێک... دەبێ پێش هەموو



شتێک خاتوونە با ڕزگار بکەیت و هیچی تر ئازاری نەدەیت...

جنۆکە وتی: مەرجێکی زۆر ئاسانە...

بەمجۆرە ئاگرێکی گەورە کرایەوە... پاسەوانەکانی جنۆکە بەڕەنگی ڕەش خۆیان ڕەنگ کردبوو... لە دەوری ئاگرەکە تەپڵییان لێ دەدا و سەمایان دەکرد...

هاوڕێیە دیلەکانی ئاستیاکیان... لە نزیک ئاگرەکە ئامادە کردبوو!...

خاتوونە با، لەناو سندوقێکی ڕەش بەندیان کردبوو... سەری سندوقەکەیان توند قایم کردبوو... ئاستیاکیش بەفەرمانی جنۆکە بەرگێکی ڕەشی پۆشی بوو... لێوی خۆی ڕەش کردبوو... بان چاوەکانی ڕەش کردبوو... نینۆکەکانی ڕەش کردبوون، کە سەیری ئاوێنەی کرد، بێزی لەخۆی بوو... بەڵام بەناچاری بەرگەکانی پۆشی... ئاستیاک لەگەڵ جنۆکە، ئامادەی لای ئاگرەکە بوون... خۆر بەتەواوی گیرا... بەردەکەیان بۆ ئاستیاک هێنا... هەرکە بەردەکە کەوتە دەست ئاستیاک، ڕووناک بوو... جنۆکە چاوەکانی خۆی توند گرتبوو هاواری بۆ ئاستیاک کرد: هەرکە خۆر بەدیار کەوت... هێزی بەردەکەی ئاراستە بکە... بەڵام خاتوونە با، لەناو سندوقەکە هاواری کرد: ئاستیاک، کچی خۆم، هێزی بەردەکە ئاراستەی جنۆکە بکە... جنۆکەکە لە ڕووناکی بەهێز دەترسێت!...

بۆیە ئاستیاک، بەردەکەی بۆ جنۆکە ڕاگرت و وتی: هەر ئێستا فەرمان بدە ماکۆ ئازاد بکرێت... خێراکە...

جنۆکە فەرمانی بەپیرەژن کرد... کە ماکۆی شازادە ئازاد بکات!... ماکۆ لەناو ئەنگوستیلەکە هاتە دەرەوە و ئازاد کرا... شازادە ماکۆ لاوێکی چوارشانەی کەڵەگەتی زۆر جوان بوو... ئەم ماوەیەی لەناو ئەنگوستیلەکە بوو، تەواو گەورە ببوو... کە لەناو ئەنگوستیلەکە هاتە دەرەوە... هەستی بەتامی ئازادی دەکرد... بۆیە دەستەکانی بەهەموو لایەک دەجووڵاندەوە...

ئاستیاک وتی: خێراکەن شیرە ئەفسووناویەکە بۆ شازادە ئامادە بکەن...

ئەو وەختەی، شیرە ئەفسووناویەکەیان، بۆ شازادە ماکۆ هێنا... جنۆکە ئەوەی بەهەل زانی و لە ترسی ڕووناکیەکە ڕای کرد... ماکۆ خاتوونە بای لەناو سندوقەکە ڕزگار کرد... ئەو وەختەی سەری سندوقەکەی کردەوە... بایەکی توند هاتە دەرەوە... ئاستیاکیش هەموو هاوڕێیەکانی ئازاد کرد...

خاتوونە با هاواری کرد: ئاستیاک وەدووم کەون... ئەمن جێگای جنۆکە دەبینمەوە... ئەو وەختەی ئاستیاک و شازادە ماکۆ لە جنۆکە دەگەڕان... لە دەرەوەی کۆشکی جنۆکە... بوو بەهەرا و دەنگەدەنگێکی زۆر... بەهەزارەها کورتە باڵا، بەناو کۆشکەکە پەرت بوون... دێوی چیا، بۆ یارمەتیدانی ئاستیاک گەیشتە ناو کۆشک... شێری دارستان، لەگەڵ چەند گیاندارێکی زل و بەهێز، بۆ یارمەتی هاتبوون، تەنانەت باڵندەی باڵەبانیش لەگەڵ بێچووەکانی بۆ یارمەتی ئاستیاک هاتن... لەگەڵ دەست و پێوەندەکانی، جنۆکە بەشەڕ هاتن و، بەسەریاندا زاڵبوون!... کەمتیارەکە پیرەژنی خستە ناو ئاگرەکە... چونکە کاتی خۆی زۆری ئازار دابوو...

لەملاوەش دێو، شوێنێکی پەنامی هەبوو... لەژێر ئەرز... خۆی تێدا حەشار دابوو... کە ئاستیاک گەیشتە ئەوێ... جنۆکە پەلاماری ماکۆی دا و کەوتە گیانی... ماکۆ شیرەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە... ئاستیاکیش نەیدەتوانی بەردەکە بەکاربێنی، دەترسا بەر ماکۆ بکەوێت!... جنۆکە ماکۆی بەملاو ئەولا فڕێ دەدا... ماکۆش لەبەر ئەو لاشە زلەی جنۆکە... هیچی پێ نەدەکرا... ماکۆ تەواو بێهێز بوو... ئاستیاکیش بەردەکەی لە دەست بوو، نەیدەزانی چی بکات... جنۆکە پەلاماری ئاستیاکی دا و گرتی... ئینجا پێ وت: تۆ فێڵت لەم کرد... نەدەبوو باوەڕت پێ بکەم... ئاستیاک بەگاڵتەوە وتی: ئەی پێم نەوتی... تۆ بێ ئەقڵی و ناتوانی بیرکەیتەوە... جنۆکە زۆر تووڕەبوو، دەستی بەرزکردەوە و، ویستی نینۆکەکانی خۆی، لەناو سکی ئاستیاک بچەقێنێ... بەڵام خاتوونە با، لەتاو کچەکەی خۆی... شیرە ئەفسووناویەکەی هەڵگرت و... زۆر بەخێرایی پێش ئەوەی دەستی جنۆکە بگاتە ئاستیاک... خاتوونە با شیرەکەی لە دەستی جنۆکە دا و... دەستی لێ



کردەوە... ئاستیاک ڕای کردەوە لای ماکۆ... جنۆکەش کە بینی، دەستێکی لەملاوە کەوتووە... هاواری کرد و ویستی پەلاماریان بۆ بیات... بەڵام ئاستیاک فەرمانی بۆ بەردەکە کرد و، توانی جنۆکە لەناو بیات... ئیدی جنۆکە گەورە نەما... شاری زێڕین... گەڕایەوە باری ئاسایی خۆی... خۆر بەدیارکەوتەوە و، دەوروبەری کۆشک ڕووناک بووەوە... خاتوونە با بانگی ئاستیاکی کرد... ئینجا خۆی نیشان دا، کە ئافرەتێکی یەکجار شۆخ بوو... قژی بەئاسمان و جلوبەرگی بەدەوروبەری، پەرت ببوون، لەناو لەشیدا هەموو شتێکی، دەوروبەری دیار بوو... ئاستیاک بەرامبەری وەستا بوو، قژی بەملاو ئەولا پەرت ببوو... خاتوونە با وتی: کچە شیرینەکەم... بەڕاستی ڕوونت کرد کە پاڵەوانی!... ئێستاش بگەڕێوە لای دایکی دڵسۆزت ئەو دایکەی لە منداڵییەوە، پەروەردەی کردی!...

ئاستیاک چاوەکانی پڕبوون لە گریان و وتی: بەڵام تۆ دایکی منی!... ئەمن نامەوێ جارێکی تر لێم دوورکەویەوە...

خاتوونە با وتی: دڵنیابە، جارێکی تر لێت دوور ناکەومەوە... بڕۆ وا خەڵکی چاوەڕێت دەکەن... بانگت دەکەن خێرا بڕۆ...

خاتوونە با... زۆر بەقسەکانی ئاستیاک گریا... بەڵام دەبوایە ئاستیاکیش لەژێر چاودێری دایکە دڵسۆزەکەی بوایە...

ئاستیاک و شازادە ماکۆ، کە چوونە سەر تاوەری کۆشکەکە... بەهەزارەها کەس، سڵاویان بۆ دەکردن و، سۆز و خۆشەویستیان بۆ ئاستیاک دەنارد... ئەوەی جنۆکە تێکی دابوو... سەرلەنوێ دەستیان بەدروستکردنی کردەوە... بەمجۆرە ماکۆی شازادە، زەماوەندی لەگەڵ ئاستیاک گێڕا و، بوونە هاوسەری یەکتر!... ئاستیاکیش بەدوای دایک و باوک و براکانی نارد و... تا هەتایە ئاستیاکی شۆخ... لەگەڵ خۆشەویستەکانی، لە ژیانێکی شاد و کامەران و هێمن ژیان.

# مینه و شازادەی دارستان

**سەردەمێکی** زوو پێش ئێستا... کە جیاواز بوو لە هەموو سەردەمانێک ڕاوچییەک هەبوو، ئەم ڕاوچییە بەتاقی تەنیا، لە دارستانێکی گەورە دەژیا، ڕاوچییەکە ماڵێکی بچووکی، لە ناوەڕاستی دارستانەکە سازکردبوو، کە جێی حەسانەوە و نووستنی شەوانی بوو!



سپێدەی هەموو بەیانییانیش، لەگەڵ سەگە بۆرەکەی دەچووە ڕاوکردن... هەتا زەردەپەڕەی ئێوارە لە دارستان دەسووڕایەوە. ئیدی بەڕاوێکی یەکجار زۆر، دەگەڕایەوە ماڵەوە... ئینجا ڕاوەکەی خۆی بەخەڵکی شار دەفرۆشتەوە... بەم جۆرەش بژێوی ژیانی خۆی مسۆگەر دەکرد، هەرچەندە ڕاوچی لە دارای دونیا کەسی نەبوو، بەتەنیا دەژیا، بەڵام بەم ژیانەی خۆی ڕازی بوو... ڕۆژێک ڕاوچییەکە، لە پێش ماڵەکەی خۆی، خەریکی داربڕینەوە بوو... بێچووە ورچێکی لە نزیکەوە بینی... ورچەکە زۆر ساوا بوو... ڕێی لێ ون ببوو... نەیدەزانی بەکام لا بڕوات، ڕاوچییەکە ویستی بیگرێت... هەتا بیفرۆشێتەوە... بەڵام لە دڵی خۆیدا وتی: ئەگەر بیفرۆشمەوە... بەدەستی مرۆڤ، گرفتار دەبێت... چونکە زۆر ساوایە... وا باشترە بەدوای دایکیدا بگەڕێم... یان بیگەڕێنمەوە ناو دارستان...

بەم جۆرە بێچووە ورچەکەی گرت... ئەویش زۆر بەنەرمی... لەژێر دەستی دەجووڵایەوە... ڕاوچییەکە ورچەکەی هەڵگرت و ویستی بچێتە ناو دارستانەکە... بەڵام لە پڕێکی... بێچووە ورچەکە بەقسە هات و وتی: تکات لێ دەکەم... لەم دارستانە بەتەنیا جێم مەهێڵە...

ڕاوچییەکە دەمی گیرا و نەیتوانی هیچ قسەیەک بکات... سەری سڕما، سەرەتا زۆر ترسا... بەڵام پاش بێدەنگییەکی کورت وتی: تۆ ئاژەڵی، چۆن دەتوانی قسە بکەیت؟!...

بێچووە ورچەکە وتی: هەموو ئاژەڵێک، دەتوانێ قسە بکات... ئەمنیش دەتوانم قسە لەگەڵ مرۆڤ بکەم!...

ڕاوچییەکە دیسان پرسیاری کردەوە: بۆچی لە دایکت هەڵبڕاوی؟... هێشتا تۆ ساوای!... نابێ لەم دارستانە، بەتاقی تەنیا هاتوچۆ بکەیت!.

بێچووە ورچەکە وتی: بەڵام ئەمن دایکم نییە، نازانم چی بەسەر هاتووە!... ڕاوچی، نەیدەزانی چی لەم بێچووە ورچە بکات... بۆیە دیسان بێدەنگ بوو... ماوەیەک قسەی نەکرد... لە بێچووە ورچەکە ڕاما و بیری

دەکردەوە... بەڵام ئەم جارە، بێچووە ورچەکە، بێدەنگی بڕی و وتی: تکات لێ دەکەم، لەلای خۆتم بێڵەوە... نامەوێ لەم دارستانە، بەتاقی تەنیا بژیم، ئەمن یارمەتیت دەدەم لە هەموو ئیشوکارەکانت.

ڕاوچییەکە، پاش بیرکردنەوە... بەزەیی بەبێچووە ورچەکە هاتەوە... ئەو وەختە وتی: ئەمن ڕازیم... دەتوانی بەئارەزووی خۆت، لەلای من بمێنییەوە، بەڵام دەبێ ناوێکت بۆ هەڵبژێرم!...

بێچووە ورچ وتی: ئەمن ناوم فەرایە... دەتوانی بەم ناوە بانگم بکەیت... بەڵام دەبێ بەڵێنم پێدەی!...

ڕاوچی وتی: بەڵێنی چی؟!

بێچووە ورچەکە وتی: نامەوێ کەس بزانێ، کە ئەمن قسان دەکەم... چونکە لەوانەیە زۆر کەس، هەوڵی ئازاردانم بدەن... تکات لێ دەکەم، با ئەمە پەنامێک بێ، لە نێوان من و تۆ... حەزیش دەکەم بەناوی باوە بانگت کەم!؛

ڕاوچییەکە، زەردەخەنەیەکی پڕ بەلێوانی کرد و وتی: خەمت نەبێ، لەمەولا تۆ بێچووی خۆشەویستی منی!...

بەم جۆرە، ڕاوچی و بێچووە ورچ، خۆشترین ڕۆژانیان بەسەر دەبرد، ڕاوچییەکە، جێی حەوانەوەی ورچی ساوای، لەناو ماڵی خۆی بۆ ساز دابوو، ورچەکەش یارمەتی دەدا و زۆری ڕێز لێ دەگرت!... ڕۆژگار هات و چوو، بێچووە ورچ گەورە بوو، ورچێکی گەورە و زەبەلاحی لێ دەرچوو!... ڕەنگی تووکەکەی، ڕەش و قاوەیی بوو... دوو ددانی تیژی لە کەڵبەی سەرەوە بوو... نینۆکەکانی وەک بزمار تیژ و درێژ بوون... ئەوەی لە دوورڕا لێی دەڕوانی، لە ترسان زراوی دەچوو!... بەڵام لە ڕاستیدا، ورچێکی زۆر دڵنەرم و باش بوو، هەموو خەڵکی، دەیانزانی کە ڕاوچی ورچێکی گەورەی هەیە... لە ئیشوکارەکانی یارمەتی دەدات، بەڵام کەس نەیدەزانی، کە ورچی زەبەلاح، دەتوانی وەکو مرۆڤ قسە بکات!...



ڕۆژێکیان، فەرای ورچ لەگەڵ ڕاوچییەکە، لە دارستانەکە خەریکی ڕاوکردن بوون!... دارستانەکە یەکجار خۆش و دڵگربوو، شنەبایەکی نەرم، دارە سەوزەکانی دەهەژاند، کانییەکی سارد و تەزیوی پێدا شۆڕ دەبۆوە... فەرا نزیکی کانییەکە وەستابوو!... لەپڕ، لەناو ئاوەکە، شتێکی بریسکاوەی بینی... چاوی بەدوویدا گێڕا، لەناو تاشەبەردی بچووکی دەرهێنا، بینی ملوانکەیەکی زۆر گرانبەها و جوانە...

ڕاوچییەکە وتی: دەبێ بەدووی خاوەنی، ئەم ملوانکەیە بگەڕێین.

فەرای ورچ گوتی: بێگومان باوەگیان، بەڵام ئەمن، بەخۆم بەدووی خاوەنی دەگەڕێم، ئەگەر خاوەنەکەی پیاوبوو، ئەوە یەکسەر بۆی دەگەڕێنمەوە، بەڵام ئەگەر ئافرەت بوو... هەرچی ویست لە ماڵی دونیا بۆی دێنم، بۆ ئەوەی شووم پێ بکات!...

ڕاوچییەکە، سەری سڕما، چاوەکانی زەق کرد و، دەمی کردەوە، ئینجا وتی: بەڵام فەرای ئازیز، ئەوەی تۆ دەیڵێیی ناکرێ و نابێ... ئاخر ناچێتە ئەقڵی هیچ کەسێ!...

فەرای ورچ وتی: خەمت نەبێ باوەگیان، ئەم کارە هەتا بڵێیی سانایە...

زۆری پێ نەچوو، هەواڵدەر بەشاری بڵاوکردەوە، کە کچی پاشای وڵات، ملوانکەیەکی زۆر گرانبەهای لێ ون بووە... ئەوەی گەڕاندیەوە بۆ لای شازادە... پاشای گەورە، خەڵاتێکی باشی دەکات... ڕاوچی و فەرای ورچ، بەم هەواڵەیان زانی... ڕاوچییەکە ویستی ڕێ لە فەرای ورچ بگرێ، بۆ ئەوەی نەچێتە کۆشکی پاشا، نەوەکو بەڵایەکی گەورەی بەسەر بێ... بەڵام کەڵکی نەبوو... چونکە فەرای ورچ، هەواڵی بۆ پاشا نارد، کە ملوانکەکەی شازادەی دۆزیوەتەوە... بەڵام پاشا، باوەڕی نەدەکرد کە ورچێک هەبێ قسە بکات... بۆیە فەرمانی دا، بەخێرایی ورچەکەی بۆ ئامادە بکەن!... خەڵکی پەستە و هوریان بوو، لەناو خۆیاندا دەیان وت: ڕاوچی جادووگەرە... جادووی لەم ورچە کردووە، ئەگینا ورچ چۆن دەتوانێ، لەخۆیەوە قسە

بکات... مانەوەی بەتاقی تەنیا لە دارستان، بەبێ سۆنگەیەک نییە!...

ورچی زەبەلاح چووە خزمەت پاشا، چۆنیەتی دۆزینەوەی ملوانکەکەی بۆ باس کرد، ئینجا زانییان کە قسەکانی ورچ هەمووی ڕاستە، چونکە ڕۆژی ونبوونی ملوانکەکە، کچی پاشا لەگەڵ خزمەتکار و پاسەوانەکانی... چووبووە ناو دارستانەکە!.

پاشا بەفەرای ورچی وت: حەز دەکەم خەڵاتێکی گەورەت بکەم... دەمەوێ لەم کۆشکە، لەلای من بمێنییەوە... چونکە تۆ شتێکی زۆر زۆر نایابی...

بەڵام فەرا وتی: گەورەم، ئەمن یەک داخوازیم هەیە... هیوادارم بۆمی جێبەجێ بکەیت...

پاشا وتی: هەرچیت ویست، بەدڵنیاییەوە بیخوازە.

فەرای ورچ وتی: دەمەوێ کچەکەی خۆتم بدەیتێ، هەتا بیکەمە هاوسەری خۆم... هەرچی ویست لە ماڵی دونیا بۆی ئامادە دەکەم...

پاشا زۆر بەتووڕەیی لەسەر تەختەکەی خۆی، هەڵساوە و هاواری کرد: چۆن دەوێری، قسەی وا بەڕووی مندا بکەی؟! ئەمن چۆن کچی خۆم دەدەمە ئاژەڵێک؟... هەی بێ ئەقڵ... تۆ دەزانی داوای چی دەکەی!...

بەڵام فەرا وتی: گەورەم، شازادە ئازادە لە بڕیاردانی خۆی.

پاشا زیاتر تووڕە بوو... بۆیە فەرمانی گرتنی ورچەکەی دا... هەروەها تاوانی دزینی ملوانکەکەشی بەسەر داهێنا... کچی پاشا، شازادەیەکی یەکجار جوان و ناسک بوو، ناوی شازادە ئامێ بوو... ئەوەی بیروانیبا جوانی شازادە... دەی وت ئەمە مانگە لە چواردەی... بەڵام شازادە ئامێ، کچێکی مەکرباز و زۆرزان بوو!... دەیتوانی هەموو خوریەک لە فێڵبازی بچنێ... کە گوێی لەم قسانە بوو هاتە لای باوکی و وتی: باوکە گیان، ئەمن ڕازیم ببمە هاوسەری ئەم ورچە، بەڵام داخوازیەکم هەیە... ئەگەر نەیتوانی جێبەجێی بکات، ئەوە دەستبەجێ دەیکوژین!...



پاشا ڕازی نەبوو بەم قسانە... بەڵام شازادە ئامێ بەگوێی کەسی نەدەکرد، تەنیا فێڵەکانی خۆی نەبێ... بۆیە بەفەرای ورچی وت: ئەی ورچ، ئەمن ڕازیم ببمە هاوسەرت... بەڵام ئەمن داخوازیەکم هەیە... ئەگەر نەتتوانی بۆمی جێبەجێ بکەی... ئەوە سەرت دەبڕم!...

فەرای ورچ وتی: دەتوانی هەر شتێک بێ، داوای کەی.

شازادە ئامێ وتی: دەڵێن لەم سەرزەمینە... گوڵێک هەیە، ناوی گوڵە بەیانیە... ئەفسانەیەک هەیە، دەڵێ ئەم گوڵە جنۆکەکان دەیپارێزن، گوڵەکە ڕەنگی سوورە و بۆنێکی سەمەرەی هەیە... ئەوەی بەلایدا بڕوات، یەکسەر مەستی دەکات و بۆ لای خۆی ڕایدەکێشێ... ئەگەر خاوەنەکەی لەناو گوڵدانێکی زێڕ چاندی و ئاوی دا، یەک داخوازی بۆ بەدی دێنێ... ئەگەر زۆر گران و ئاستەمیش بێ! کەسیش نازانێ ئەم گوڵە لەکوێیە!... چەند کەسانێک وەدوایدا چوون، بەڵام نەگەڕانەوە...

فەرای ورچ وتی: ئەگەر ئەم گوڵەت پێشکەش کەم... دەبیە هاوسەرم؟

شازادە ئامێ وتی: بەڵێ.

فەرا وتی: بەڵام خانم، دەبێ ئەوە بزانی، کە ئەگەر لە بەڵێنەکەت پاشەگەز بوویەوە، پاش هێنانی گوڵەکە، ئەوەی زۆر خراپە ڕوو دەدات.

شازادە ئامێ وتی: ئەمن خاوەنی بەڵێنی خۆمم!...

بەم جۆرە، فەرای ورچ کۆشکی پاشای بەجێهێشت، بەدووی گوڵەبەیانی ملی ڕێی گرت... پاشا زۆر لە کچەکەی پەست بوو... بەڵام شازادە ئامێ، بەگوێی باوکیدا چرپاندی و وتی: مەترسە باوکە گیان، ئەم ورچە بێ ئەقڵە ناگەڕێتەوە.

پاشا وتی: هیوادارم وا بێ، چونکە تۆ بەڵێنت پێی دا، وە نابێ لە بەڵێنی خۆت پاشەگەز بیتەوە... خۆت دەزانی، بەڵێنی پاشایان پاشەگەز بوونەوەی نییە.

فەرای ورچ چەند ڕۆژێکی بەڕێدا ڕۆیشت... هەتا گەیشتە دەریایەکی زۆر

گەورە... نەیدەتوانی لەم دەریایە گەورەیە بپەڕێتەوە... بۆیە لەپڕێکی هاواری کرد: کۆدۆ لە کوێی؟ تکایە دەرکەوە، ئەمن فەرای هاوڕێتم...

پاش ماوەیەک، نەهەنگێکی گەورە، سەری دەرێنا لەناو دەریایەکە، بەزەردەخەنەوە وتی: فەراگیان، بەخێربێیت، ئای کە دەمێکە حەز بەدیدارت دەکەم... وا دیارە کارێکت هەیە بەمن؟!

فەرای ورچ وتی: بەڵێ هاوڕێی ئازیزم... دەمەوێ گوڵەبەیانی بدۆزمەوە... هەتا پێشکەشی شازادە ئامێی کەم... بەڵام ناتوانم لەم دەریایە بپەڕمەوە... دەکرێ ڕێم نیشاندەی؟!...

کۆدۆی نەهەنگ وتی: لەمە ساناتر نییە... خێرا وەرە سەر پشتم... نەهەنگەکە، فەرای ورچی هەڵگرت و لە دەریایەکی زۆر گەورە و فراوان پەڕاندیەوە... فەرای ورچ لە کەنارێک دابەزی و سوپاسی نەهەنگەکەی کرد... کۆدۆی نەهەنگیش گەڕایەوە ناو دەریا... فەرا دووبارە ملی ڕێی گرتەوە هەتا گەیشتە ناو دارستانێکی چڕوپڕ... دارستانەکە بەپێچەوانەی ئەو دارستانە بوو، کە تێیدا گەورە ببوو... دار و بارەکەی ئەوەندە چڕ و ناخۆش بوو... بەسانایی نەدەکرا... دارەکانی هەمووی وشک و زەرد هەڵگەڕابوون... سەوزایی لە هیچ لایەک دیار نەبوو... دیمەنی زۆر ترسناک بوو، فەرا زۆر ماندوو ببوو، پاڵی بەدارێکی گەورەدا بۆ ئەوەی بحەسێتەوە... لە ناکاو ڕەگی دارەکە!... توند... توند لە لەشی فەرای ورچ ئاڵا، ڕەگەکان زۆر بەتوندی، لەشی فەرایان دەگوشی...

ورچی زەبەلاحیش نەیدەتوانی، لە کۆڵ خۆیانی بکاتەوە... بۆیە نینۆکەکانی بەکار هێنا، زۆر بەتیژی لە ڕەگەکانی چەقاند... بەم جۆرە ڕەگەکان بەخێرایی لێی دوورکەوتنەوە... فەرا دەیزانی کە ناتوانێ وا بەسانایی لەم دارستانە چڕوپڕە دەرچێ!... بۆیە بانگی کەسێکی کرد و هاواری کرد: دایکی میهرەبانم... تۆ لە کوێی؟... ئەمن فەرای تاقانەتم.

لەپڕ مارێکی زۆر گەورە، لە دووڕا بەدیارکەوت... مارەکە ئەوەندە گەورە



بوو!؛ کەس نەیدەزانی کۆتایی لاشەکەی لەکوێ ماوە... مارەکە سەری بڵند کرد و بەدەنگێکی خەماوی و پڕ لە میهر و سۆز، بەهەناسەیەکی پڕ لە گریان وتی: ڕۆڵەی شیرینم بەخێربێی، دەمێکە لێک هەڵبڕاوین... شتێک ڕووی داوە، بۆیە ئەم ڕێیە دوورەت بڕیوە!... چیت لە دڵە بۆ منی بێژە!... فەرای ورچ وتی: دایە گیان... شازادە ئامێ، ڕازییە ببێ بەهاوسەرم، بەڵام بەمەرجێ، ئەگەر گوڵەبەیانی پێشکەش کەم، بەڵام نازانم جێی لە کوێیە!...

مارەکە وتی: هەموو وەختێ، هاوار بۆ ئاسمان دەبەم... هەتا ئەو نەگبەتییەی لەسەرمانە، بەخێرایی بڕوا... ئێستاش ڕۆڵەگیان، وەرە با هەڵێت گرم، هەتا ڕێی گوڵەکەت نیشان دەم...

مارەکە فەرای ورچی هەڵگرت و لەسەر زەوییەکە خشی... هەتا گەیاندیە بیابانێکی گەورە... ئینجا پێی وت: لێرەوە بڕۆ، هەتا دەگەیتە ناوەڕاستی بیابانەکە... ئینجا دەگەیە چەند کێوێک... گوڵەکە لەسەر کێوەکانە.

فەرای ورچ سوپاسی مارەکەی کرد و ملی ڕێی گرت... بیابانەکە زۆر چۆڵ و فراوان بوو... لە خۆڵ و تەپ و تۆز زیاتر هیچی تر دیار نەبوو، فەرای ورچ لە بیابانەکە ون بوو... هەتا گەیشتە شوێنێک، زەوییەکەی قڵیشا و وشک بوو... هەمووی درزی درێژ و بچووک بوو... پێدەچوو پاشماوەی دەریایەکی زۆر گەورە بووبێ... ئەم جارەیان کەسێکی دی هاتەوە یاد و هاواری کرد: سوورمە تۆ لە کوێی؟ فەرای گەورەت بانگت دەکات!...

ئەو وەختە، مارمیلکەیەکی بچووک... لەناو یەکێک لە درزەکانی زەوی، هاتە دەرەوە و بەزەردەخەنەوە وتی: سڵاوت لێ بێ، گەورەی بەڕێزم... خێرە ڕێت کەوتۆتە ئەم بیابانە چۆڵە؟.

فەرای ورچ وتی: ئازیزەکەم ڕێم ون کردووە... دەمەوێ گوڵەبەیانی بدۆزمەوە... کە دەکەوێتە کێوەکانی بیابان.

سورمەی مارمیلکە و دەنگ ناسک وتی: گەورەم فەرمانتان بەجێیە... بەتەنیا بەدووم کەوە.

سورمەی مارمیلکە، فەرای گەیاندە کێوێکی بڵند و گەورە... فەرای ورچ سوپاسی کرد و وەسەر کێوەکە کەوت... ڕێیەکەی هەمووی تاشە بەردی گەورە بوو... فەرا زۆر بەسەختی بەم ڕێیەدا دەڕۆیشت... لەپڕ! تاشەبەردێکی گەورە، لە سەرەوە کەوتە خوارەوە و ڕێی لە فەرا گرت... ئەویش خۆی پێ نەگیرا و خزیە خوارەوە... خەریک بوو بکەوێتە ناو دۆڵێکی گەورە و کوور... بەڵام خۆی بەچڵە دارێکی گەورەی ڕۆخ کێوەکە گرت... ورچی زەبەلاح زۆری هەوڵ دا خۆی دەربازکا، بەڵام کەڵکی نەبوو!... چونکە دەستی نەدەگەیشتە سەرەوە... چڵە دارەکەش نەیتوانی خۆی زیاتر بگرێ... چونکە لەشی ورچەکە زۆر قورس بوو... بۆیە هێدی... هێدی لە جێی خۆی دەجوولا و قرچەی دەهات... فەرای ورچ زۆری نەمابوو بکەوێتە خوارەوە... بەڵام لە ناکاو، باڵندەیەکی گەورە هاتە لای ورچەکە و بەدەنگێکی گڕی پیاوانە وتی: ڕۆڵە گیان... بۆ کەوتیە ئەم جێیە ترسناکە؟!... خێرا خۆت بەقاچەکانم بگرە...

ئەو وەختە ورچەکە، خۆی بەقاچەکانی باڵندەکە گرت و وتی: گەورەم... لە وەختێکی باش گەیشتیە لام... سوپاست دەکەم...

باڵندەکە وتی: کوڕی شیرینم... نیازت کامە لایە؟

فەرای ورچ وتی: دەمەوێ بچمە سەر کێوەکان... هەتا گوڵەبەیانی بدۆزمەوە... چونکە پێشکەشی شازادە ئامێی دەکەم...

باڵندەکە فەرای ورچی لەسەر یەکێک، لە ترووپکەکانی کێوەکە دانا... ترۆپکی کێوەکە، مێرگ و گوڵزارێکی زۆر خۆشی لێ بوو... ئەوەی لێی بڕوانیبا، هەرگیز باوەڕی نەدەکرد، کە ئەم کێوە لە ناوەڕاستی بیابانە... فەرای ورچ ماوەیەک بەدووی گوڵەکە گەڕا... هەتا لە دوورڕا گوڵێکی سووری بینی... بۆنی گوڵەکە وا مەستی کرد، زۆر بەخێرایی بۆ لای خۆی ڕاکێشا... گوڵەکە زۆر جوان و سوور بوو، تەنیا دوو گەڵای سەوزی هەبوو، بۆن و بەرامی گوڵەکە... دڵ و مێشکی بنیادەمیان کاس دەکرد... فەرای ورچ زانی کە ئەمە گوڵەکەیە... بۆیە زۆر بەخێرایی قرتاندی... ئەو وەختەی



دەیویست بڕوا... لەپڕ شتێک بەتوندی بەسەری کەوت... ئینجا کەوتە سەر زەوی و لە هۆش خۆی چوو... پاش ماوەیەک چاوەکانی کردەوە... ویستی بجووڵێ، بەڵام دەست و قاچەکانی توند بەسترابوون... بینی لەسەر کێوێکی بڵند دانراوە... کە ڕوانییە دەوروبەری خۆی، بینی چەند جانەوەرێکی سەیر دەورەیان لێ داوە... جانەوەرەکان، لەشیان وەکو مرۆڤ بوو... بەڵام پێستیان ڕەش بوو... دەمارەکانی لەشیان بۆ دەرەوە دەرپەڕیبوو... لە ناوەڕاستی سەریان، شاخێکی بچووک هەبوو... گوێیەکانییان درێژ و تیژ بوون... نینۆکەکانیان لە خەنجەر دەچوون... دەت وت لە بری نینۆک خەنجەر ڕوواوە... دووباڵی گەورە و ئەستووریان لە پشتەوە هەبوو... هەموو پیاوەکان جۆرە پێستێکیان پۆشیبوو... کە لەسەر ناوکیان تا سەر ئەژنۆیان بوو... ئافرەتەکانیش لە نزیکەوە تەماشایان دەکرد... یەکێک لە جانەوەرەکان... هاتە پێش فەراکە تاجێکی زێڕی لەسەر بوو وتی: ئێمەی جنۆکەی بەیانی، خاوەنی ئەم گوڵەین... هەموومان سوێندی پاراستنی، ئەم گوڵەمان خواردووە، چونکە لە باب و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە... ئەم گوڵە هی مرۆڤێک بووە... بەڵام باپیرە گەورەیەکمان، لەگەڵی بەشەڕ هاتووە و لەناوی بردووە... ئەم بیابانە دەشتێکی ئەم باپیرە گەورەیەمان، بەسەریدا زاڵبوو... وەکو نیشانەیەکی سەرکەوتن... ئەم دەشتە بەپیتەی کردە بیابانێکی چۆڵ... گوڵەکەشی لەم کێوە چەقاند، کە مایەی شانازی و سەربەرزی ئێمەیە... وە ئەوەی دەست بۆ ئەم گوڵە درێژکات بەمەبەستی دزینی... ئێمە لەناوی دەبەین... ئەمن وەکو پاشای جنۆکەکانی بەیانی... فەرمانی لەناوبردنت دەردەکەم، بەمەبەستی دزینی ئەم گوڵە...

ئەو وەختە هەموو جنۆکەکانی تر، ڕمەکانیان بڵند کرد و هاواریان دەکرد: بژی پاشا، بژی پاشا، بیکوژن، لە ناوی بەن...

ئافرەتەکانیش هەلهەلەیان لێ دەدا و منداڵەکانیان بڵند دەکرد!...

پاشای جنۆکەکان هاواری کرد: لەم بەرزاییە بەجێی دێڵین... هەتا ببێتە خواردنی باڵندە و ئاژەڵە دڕندەکان.

ئینجا ورچیان بەتاقی تەنیا بەجێهێشت و ڕۆیشتن... ئەو وەختە لەنێو جـانەوەرەکـان، کـچێکی ڕەنگ بۆر... کـە ئەویش تاجێکی بچـووکی زێڕی لەسـەر بوو... قـژێکی ڕەش و درێژی هەبوو... نـاو گلێنەی چاوی مـۆربوو... ڕەنگی لێوی مۆربوو... ڕەنگی نینۆکەکانی مۆربوو... هەروەها جلێکی مۆری لەبەربوو، کە لە خوارەوە تا سەر ئەژنۆی بوو... لە سەرەوەشی قۆڵەکانی و نیـوەی سنگی دیار بوو... ئەم کـچە زۆری ڕوانیـیە فـەرای ورچ... دەیویست شـتـێکی پێ بڵێ، بەڵام نەیدەتوانی بۆیە بەناچاری لەگـەڵ ئەوانی تر ڕۆیشت... فەرای ورچ، شەوی بەسەرهات، زۆری هەوڵ دا، بەڵام نەیتوانی کەلەپچە ئاسنەکان لە دەستی خۆی کاتەوە... لە ناکاو گوێی لە چرپەیەک بوو!... بینی هەمان ئەو کچەیە کە بەیانی تەماشای دەکرد... کچەکە هاتە لای فەرای ورچ و وتی: ئەمن گوڵەکەت بۆ دێنم و بەڕەڵات دەکەم.

فەرا وتی: دەتوانی ئەم کارەم بۆ بکەیت؟!...

کچەکە وتی: بێگومان دەتوانم... بەڵام مەرجێکم هەیە.

فەرا بەسەرسڕمانەوە وتی: مەرجی چیت هەیە؟!...

کـچـەکـە وتی: هەر یەکـێک لە ئێـمـە ئەگـەر یارمـەتی مـرۆڤ بدا... دەستبەجێ گڕ دەگری و هەتا هەتایە دەسووتێ.

فەرای ورچ وتی: ئەی باشە مەرجەکەت چییە... پاشان چۆن یارمەتی من دەدەی... تۆ سوێندی پاراستنی گوڵەکەت خواردووە؟...

کچەکە وتی: ئەمن لەپێناو تۆ... لە هەموو سوێندێک پاشەگەز دەبمەوە.

فەرای ورچ وتی: بەڵام لەپای چی؟ بۆ ورچێکی زل و زەبەلاح؟!...

کـچـەکـە وتی: ئەمن لە شـێـوەی ورچ ناتبـینم... بەڵکو بەشـێـوە ڕاستەقینەکەی خۆت دەتبینم.

فەرای ورچ وتی: چی؟ شێوەی ڕاستەقینەی خۆم؟ بەڵام ئەمن ورچم!...

کچەکە وتی: نەخێر... تۆ مرۆڤی و جادووت لێ کراوە.



فەرای ورچ وتی: تۆ بەچیرۆکی من دەزانی؟!...

کچەکە وتی: بەڵێ... بەڵام ئێستا ئەوە گرنگ نییە... دەبێ مەرجەکەم بۆ جێبەجێ بکەی... پێش ئەوەی، گوڵەکەت بۆ بێنم و یارمەتیت بدەم... دەبێ بمکەیە کـۆیلەی خـۆت... چونگە ئەگـەر کـۆیلەی تۆ نەبم و یارمـەتیت بدەم... وەک وتم گڕ دەگرم و هەتا هەتایە دەسووتێم.

فەرای ورچ وتی: مەبەستت چییە؟!

کـچەکە وتی: ئەگەر هەر یەکێک لە ئێمە یارمەتی مـرۆڤ بدات، ئەوە دەسـووتێ... بەڵام ئەگـەر کـۆیلەی ئەم مـرۆڤـە بوو... ئەوە هیـچی بەسـەر نایەت...

فەرای ورچ وتی: ئەمن، ناتوانم بتکەمە کۆیلەی خۆم.

کچەکە وتی: تکات لێ دەکەم... تازە ناتوانم بەبێ تۆ گوزەران بکەم.

فـەرای ورچ وتی: ئەمن، دەسـەڵاتی ئەوەم نیـیـە، کـە بتکەمـە کـۆیلەی خۆم... خۆ تۆش وەکو من شازادەی.

کـچکە بەپاڕانەوە وتی: ئەمن خـۆم داوای ئەوەت لێ دەکـەم... تکـایە لەم ژیانـە ڕزگــارم کــە، تا هەتایە قــەرزارت دەبم... پاشــان جگە لەوەی کــە یارمـەتی مـن دەدەی... گـوڵەکـەشت دەست دەکـەوێ و، پێـشـکەشی شـازادە ئامێی دەکەی!...

فەرای ورچ تاوێک بێدەنگ بوو، پاشان وتی: بۆچی دەست لە شازادەیی هەڵدەگریت و، دەبیە کۆیلەی من؟ خۆ تۆ لە باشترین ژیان دەژی «بێگومان پەنامێکت هەیە؟!...»

کـچەکـە وتی: ئەمن کـچی پاشـای جنۆکەکـانی بەیانیم... ناوم مـینەیە... ئێـمـە هەمـوو شـتـێکمـان، بەخـراپە دەست پێ دەکـا و بەخـراپەش کـۆتایی دێ!... ڕاستـە ئەوانی تر بەم ژیانە ڕازین، بگرە شانازی پێ دەکەن... بەڵام ئەمن ڕقم لە خراپەکارییە... هەست دەکەم جێی من لەنێو ئەمانە نییە...

فەرای ورچ وتی: قسەی وا مەڵێ... ئەمانە دۆست و میللەتی خۆتن.

شازادە مینە وتی: تۆ بەقەد من، نایانناسیت... ئەم گوڵە چییە لە پێناوی مرۆڤێک لەناو ببەن... ئەمانە دڕندە و خراپن... حەزیان لە خراپە و تێکدانە... ئەگەر ئەم بیابانەیان ساز نەدابا... بێگومان، خەڵکانێکی زۆر، کەڵکیان لەم دەشتە بەپیتە وەردەگرت... تکات لێ دەکەم هیچ شتێکی گرانت ناخەمە ئەستۆ، تەنیا بمکەیە کۆیلەی خۆت.

فەرای ورچ وتی: ئەی ئەگەر بەشوێنتەوە هاتن؟!.

شازادە مینە وتی: باوکی پاشام، ڕمێکی ئەفسوونی هەیە... کەس ناتوانێ بەرامبەری بوەستێ... چونکە هێزێکی گەورەی تێدایە... ئێستاش باوکم نووستووە... دەتوانم بەسانایی بچمە ژوورەکەی... هەتا ڕمە ئەفسوونییەکەی ببەم...

فەرای ورچ وتی: بەڵام ئەمە دزی کردنە لە باوکت...

مینەی شازادە وتی: نەخێر... هەرگیز دزی کردن نییە... بەڵکو خۆم دەرباز دەکەم لە نێوانیاندا... تکایە چیتر پرسیارم لێ مەکە... تەنیا بڵێ، ڕازیم کە شازادە مینە، کچی پاشای جنۆکەکانی بەیانی... ببێتە کۆیلەی من!...

فەرای ورچ، سەرەتا نەیویست ئەم کارە بکات... بەڵام پاشان بەزەیی بەشازادە مینە هاتەوە... جگە لەمەش، گوڵەکەی بەهەر جۆرێک دەویست، هەتا پێشکەشی شازادە ئامێی بکات... بۆیە بەناچاری وتی: ئەمن ڕازیم. کە شازادە مینە، کچی پاشای جنۆکەکانی بەیانی، ببێتە کۆیلەی من!

ئینجا شازادە مینە... سەری بۆ فەرای ورچ، دانواند و وتی: زۆر سوپاست دەکەم گەورەم... ئێستاش ئەمن بەندە و کۆیلەی تۆم... هەرچیت ویست بیخوازە... فەرمانتان بەجێیە!...

فەرای ورچ وتی: تکایە گوڵەبەیانیم، بەخێرایی بۆ بێنە...

شازادە مینە وتی: پێویستی بەتکاکردن ناکا، چونکە فەرمانتان بەجێیە پێش ئەوەی شازادە مینە بڕوات... دەست و قاچی فەرای ورچی کردەوە و وتی: چاوەڕێم کە بەخێرایی دەگەڕێمەوە لات.



شازادە مینە ون بوو... کە گەڕایەوە، گوڵەبەیانی و ڕمێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، بەفەرای ورچی وت: گەورەم... گوڵەکە هەڵگرە و خێرا لەم کێوە دابەزە... چونکە ئەمان بەئێمەیان زانی... وا سوپایەکی گەورەیان ئامادە کردووە.

فەرای ورچ وتی: ئەمن ناتوانم بەتەنیا جێت بێڵم... بەڵکو یارمەتیت دەدەم.

شازادە مینە وتی: چۆن دێڵم تووشی مەترسی بیت!... پاشان ئەمن دەتوانم، بەم ڕمە ئەفسوونییە پارێزگاری لە خۆم کەم... ئەی بۆ بە چی بەرەنگاریان دەبیتەوە؟! ئەمانە دڕندە و بێ ڕەحمن، ئەگەر بکەویە بن دەستیان... پارچە پارچەت دەکەن... خێرا بڕۆ، ئەگەر توانیم خۆم ڕزگارکەم، ئەوە دەگەڕێمەوە لات... هەروەختێک پێویستت بەمن بوو بەزووترین کات ئامادە دەبم... ئەوەش بزانە، لەتۆ زیاتر کەسی تر ناتوانێ بمێنێ... بەڵام ئەگەر نەمتوانی بگەڕێمەوە لات... تکایە لە یادم نەکەی... ئێستاش بڕۆ خێرا خۆت ڕزگارکە.

فەرای ورچ بەناچاری ڕۆیشت... بۆیە هەتا دەچووە خوارەوە... ئاوڕی لە شازادە مینە دەدایەوە... نەیدەویست بەتەنیا بەجێی بێڵێ؛ لەولاوەش هێزێکی گەورە ئامادە کرا... بۆ لەناوبردنی فەرای ورچ و شازادە مینە... پاشای باوکی مینە... دەستبەجێ فەرمانی لەناوبردنی کچەکەی دەرکرد... شازادە مینەش، بەرەنگاری سوپای جنۆکەکان بوو، هەردوو بەرامبەر یەکتر وەستان... سەرکردەی سوپایەکە هاواری کرد: شازادە... تکایە زۆر بەهێمنی خۆت بدە بەدەستەوە... چونکە ناتوانی بەرەنگاری ئەم هێزە گەورەیە بیتەوە... دانیشتگای جنۆکەکانی بەیانی... بڕیاری دا کە ئەگەر گوڵەکە بگەڕێنیتەوە و، مرۆڤەکەش بەدەستی خۆت لەناوبەی... سزایەکی زۆر سووکت دەدەن... ڕمە ئەفسوونییەکەش بگەڕێنەوە لای پاشا... خۆت دەزانی ئەم ڕمە لە پاشەڕۆژ هەر بۆ تۆیە... وە دڵنیابە کە دووبارە وەکو شازادەیەک، ڕێزت لێ دەگیرێ.

شازادە مینه، تاجە زێڕەکەی لە سەرکردەوە و فڕێی دایە بەردەمیان... ئینجا وتی: ئێستا ئەمن شازادە نیم... گوڵەکەشم بەکەسێک بەخشی کە گەورەمە... ناشتوانم ڕمە ئەفسوونییەکە بگەڕێنمەوە... چونکە تازە هی منە... چاکیش دەزانم... هیچ یاسایەکی جنۆکەکانی بەیانی... لە مردن کەمتر فەرمان نادات بۆ سەرپێچی کردن... ئەمنیش پەشیمان نیم لەم کارەی خۆم!... سەرکردەی سوپایەکە وتی: دە کەواتا، ئامادەی مردن بە.

مینە توانی بەهۆی ڕمە ئەفسوونییەکە... ژمارەیەکی زۆر لە سوپایەکە لەناوبات!... ئینجا توانی سەرۆک سوپایەکە بکوژێت... بەهەر جۆرێک بێ توانی خۆی دەرباز بکات... ئینجا بەدووی فەرای ورچ ڕۆیشت.

لەولاوەش فەرای ورچ، نەیدەتوانی لە کێوە بڵندەکە دابەزێ... بیری لەوە دەکردەوە چۆن بگاتەوە کۆشکی شازادە ئامێ... بۆیە سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و هاواری کرد: ئەی سوپا بەهێز و دڵسۆزەکە... خێرا دەرکەون!... پاش ماوەیەک... بەهەزارەها شەمشەمە کوێرە دەرکەوتن... پۆل پۆل لەلای فەرای ورچ دابەزین... فەرای ورچ وتی: دەمەوێ بمگەڕێننەوە کۆشکی شازادە ئامێ...

شەمشەمە کوێرەکان فەرای ورچیان هەڵگرت و گەیاندیانەوە کۆشکی شازادە ئامێ... کە شازادە ئامێ گوڵەکەی بینی... باوەڕی نەکرد کە ئەمە گوڵەبەیانییە... بەڵام کتێبێکی هەبوو... باسی گوڵەکەی تێدابوو... ڕاستی گوڵەکەی بۆ ڕوون بوو... لەناو گوڵدانێکی زێڕ چاندی و ئاوی دا...

فەرای ورچ، بەشازادە ئامێی وت: خانم، ئەمن بەڵێنی خۆم بەجێ هێنا، تۆش دەبێ بەڵێنەکەی خۆت بەجێ بێنی.

شازادە ئامێ وتی: بەڵێنی چی؟...

فەرای ورچ وتی: ئەو بەڵێنەی کە شووم پێ بکەی...

شازادە ئامێ وتی: ئەمن، هەرگیز شوو بەورچێکی بێ ئەقڵی وەک تۆ ناکەم... ئەمن شازادەم!... هەچ ڕۆژێک... گوێدێری ئەوە بووی، کە



شازادەیەک شووی بەورچێک کردبێ؟... بۆ خۆت لە باخچەی ئاژەڵەکانی کۆشک... ورچێک دەستنیشان کە و بیکە بەهاوسەری خۆت... بەڵێنیش بێ، هەتا هەتایە لە خۆشترین ژیان بژیو بکەی.

فەرای ورچ بەبێ ئەوەی گوێدێری قسەکانی شازادە ئامێ بێ وتی: خانم، ئەگەر لە بەڵێنەکەی خۆت... پاشەگەز بیتەوە... ئەوەی خراپە بەسەرت دێ!...

شازادە ئامێ بەتووڕەییەوە وتی: (هەڕەشەم لێ دەکەی... هەی ورچی بێ ئەقڵ)؟... بۆیە ڕووی لە پاسەوانەکان کرد و هاواری کرد: پاسەوانەکان خێراکەن بیگرن...

فەرای ورچ وتی: شازادە تکات لێ دەکەم... ئەم کارە مەکە.

بەڵام شازادە ئامێ هاواری کرد: ئەم ئاژەڵە دڕندەیە، لەناوببەن.

شازادە ئامێ، ئەم قسانەی تەواوکرد و نەکرد، شێوەی گۆڕا و بوو بەقاز...

قازێکی ئەوەندە جوان بوو، چاوەکانی لە جوانیا دەبریسکانەوە... ڕەنگی سپی وەکو بەفر بوو... پەڕی باڵەکانی وەکو ئاوریشم نەرم بوون... شازادە ویستی قسان بکات، بەڵام نەیتوانی لە واقە واق زیاتر، هیچی تر بڵێ... پاشای باوکی، ئاگر لە دڵی بەربوو... بۆیە هاواری بەسەر فەرای ورچ کرد: چیت بەسەر کچە تاقانەکەم هێنا؟... هەر ئێستا دەتکوژم ئەگەر چاکی نەکەیتەوە... پاسەوانەکان خێراکەن بیگرن.

بەڵام فەرای ورچ وتی: گەورەم تکات لێ دەکەم... ئەمن مەبەستی ئەوەم نەبوو... کە شازادە وای بەسەر بێت... ئەگەر ڕێم پێ دەدەیت شازادە، لەگەڵ خۆم دەبەم... هەتا بەدووی چاکبوونەوەی بگەڕێم... چونکە تەنیا ئەمن دەتوانم چاکی بکەمەوە.

پاشا هاواری کرد: دەتەوێ دیسان چی بەکچەکەم بکەیت؟...

فەرای ورچ وتی: گەورەم تکایە... با لەگەڵ خۆمی ببەم... چۆن بەڵێنی

ئەوەم پێی دا، کە گوڵەکەی بۆ بێنم... بەڵێنی ئەوەش دەدەم کە چاکی بکەمەوە.

پاشا وتی: نەفرەت لەم گوڵە... ئینجا لەمەولا شازادە چاک دەبێتەوە؟...

فەرای ورچ وتی: بێگومان گەورەم... هەموو شتێک چاکبوونەوەی هەیە. پاشا دەستی لە ملی کچەکەی کرد و زۆر گریا... فەرای ورچیش بەم دیمەنە خەمناکە، زۆر شڵەژا... پاشا ویستی تاجە زێڕەکەی شازادە ئامێ داگرێ... بەڵام فەرای ورچ وتی: گەورەم، تکایە دەست لەم تاجەی سەری مەدە، با لە جێی خۆی بێ...

بەم جۆرە... فەرای ورچ، شازادەی قازی هەڵگرت و کۆشکیان بەجێهێشت... لە وەختی ڕۆیشتندا هەموو بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە و وتی: ئەمن شازادەی وڵاتی ڕۆژهەڵات بووم... بۆیە ئەم ناوەی هەبوو... چونکە هەموو ژیانمان لە شادی و ڕووناکی بوو... باوکی پاشام، مامۆستای هەموو جادووگەرەکان بوو... ئەو جادووگەرانەی کە تەنیا بۆ کاری باشە هەوڵیان دەدا... یەکێک لە قوتابییەکانی باوکم... ئافرەتێکی زۆر خراپ و دڕبوو... بەهۆی چەند کردەوەیەکی خراپ... بەفەرمانی باوکم، لە وڵاتی ڕۆژهەڵات دەرکرا... هەتاهەتایەش بەکارهێنانی جادووی لێ سەنراوە... بەڵام ئەم ئافرەتە، بەهۆی بروسکەوە، توانی هێزێکی گەورە بەدەست بێنی... وەتوانی بەفرۆفێڵ و تەڵەکەبازی، ناکۆکی بخاتە نێو جادووگەرەکان، زۆربەیانی لە خشتەبرد و، بەشێکی زۆر لە جادووگەرە بەتواناکان، چوونە پاڵ ئەم ئافرەتە و لە دژی باوکم وەستان... بەم جۆرە توانی بەسانایی، دەست بەسەر وڵاتی ڕۆژهەڵات دابگرێت... چونکە لەناو کۆشکی باوکم سیخوڕی زۆربوو... ئەوانیش یارمەتییان دا، بۆیە توانی هەموو شارەکان کاول بکات... ئینجا کە بەتەواوی دەستی بەسەر کۆشک داگرت... بەڵێنی بەجادووگەرانی دۆستی دابوو... کە پاشای باوکم ئازار نەدات... بەڵام باوکمی کردە باڵندەیەکی گەورە و بەرەڵای ئاسمانی کرد... شاژنی دایکمی کردە مارێکی زەبەلاح و، فڕێی دایە ناو دارستانێکی



وشک و ناخۆش... ئەمنیش ئەو وەختە منالێکی بچووک بووم... تەمەنم شەش ساڵان بوو... کردمیە ورچێک و بەرەڵای دارستانێکی دووری کردم... هاوڕێی منالیم ناوی کۆدۆ بوو... ئەویشی کردە نەهەنگێک و ئێستا لەناو دەریایەکی گەورە دەژی... دایەنەکەشمی، کردە مارمیلکەیەکی بچووک و فڕێی دایە بیابانێکی چۆڵ... چونکە وەختی خۆی ویستی ڕزگارم بکا، سوپای وڵاتی ڕۆژهەڵاتی، کردە شەمشەمە کوێرە و ئێستا، لەناو ئەشکەوتە تاریک و دوورەکان دەژین... هەموو خەڵکی وڵاتی ڕۆژهەڵاتی، کردە گوێدرێژ و هەتا ئێستاش بەم جۆرە دەژین... لە وڵاتەکەمان، دوو ڕاوێژکاری باوکم هەبوون، هەردووکیان خوشک بوون... یەکیان ناوی زەروون بوو، کە دەستی ڕاستی پاشا بوو... ئەوی تر ناوی شەوارە بوو، کە دەستی چەپی پاشا بوو... ئەوانیش گۆڕان و بوون بەدوو ئەژدیهای گەورە، ئێستاش لە دوورگەی ونبوون دەژین... ئینجا ئافرەتەکە ناوی خۆی گۆڕی بۆ شاژنی بروسک... پاش ئەوەی توانی بەتەواوی دەست بەسەر وڵاتی ڕۆژهەڵات بگرێت... خەڵکەکەش بوونە ملکەچی ئەو... لەو وەختەوە وڵاتی ڕۆژهەڵات، گۆڕا بۆ وڵاتی گوێدرێژان!... پاش ئەمە جادووگەرەکان، بەبێ ئاگاداری شاژنی بروسک... سیحرەکەی منیان گۆڕی، کە ئەگەر بێت و شازادەیەکی کچ ڕازی بێ کە ببێتە هاوسەرم... بێ ئەوەی بزانێ کە ئەمن مرۆڤم و جادووم لێ کراوە... ئەو وەختە ئەمن چاک دەبوومەوە و هەموو خەڵکی وڵاتەکەشم ڕزگاریان دەبوو... جگە لەمەش شاژنی بروسک لەناو دەچوو... بەڵام کە شاژنی بروسک بەمەی زانی... هەموویانی لەناوبرد چونکە دەیزانی پیلان ساز دەکەن بۆ لەناوبردنی... شاژنی بروسک... شوێنی منی ون کرد، چونکە جادووگەرەکان منیان بردە دارستانێکی تر... بەم جۆرە شاژنی بروسک، نەیتوانی جادووەکە هەڵوەشێنێتەوە... تەنیا توانی ئەوە بکا... کە ئەگەر هەر شازادەیەک بەڵێنی دا ببێتە هاوسەرم... پاشان لە بەڵێنەکەی خۆی پەشێمان بێتەوە... ئەوە یەکسەر دەبێتە ئاژەڵ.

فەرای ورچ، هەناسەیەکی کووری کێشا و دیسان وتی: داوای لێبووردنت

لێ دەکەم... شازادەی ئازیز... خەتای من بوو، ئەم کارەساتە هەمووی بەهۆی منەوە بوو... دەبوایە بزانم کە هیچ کچێک حەز ناکات، ببێتە هاوسەری ورچێکی زل و زەبەلاحی وەکو من... بەڵام پەیمانت پێ دەدەم، کە بەخێرایی چاکت کەمەوە و دووبارە، بگەڕێیتەوە کۆشکی پاشای باوکت!.

شازادە ئامێ، کە گوێی لەم قسانە بوو... هەموو جەستەی دەلەرزی، لە ناخیەوە پەشیمان بوو... بەڵام کەڵکی نەبوو... تازە گوڵەبەیانیش کەڵکی نییە... چونکە گوڵەکە هی خۆیەتی و دەبێ بەزاری خۆی، داوایەک بخوازێ... بەڵام ئێستا ناتوانێ قسە بکات!...

شازادە و فەرای ورچ، گەیشتنە کانییەکی گەورە... هەردووکیان لە ئاوەکەیان خواردەوە و ماندووبوونیان تێدا حەسساندەوە... فەرای ورچ وتی: خانم تۆ لێرە بحەسێوە... ئەمنیش بەدووی خواردندا دەگەڕێم... چونکە دەزانم وەکو من برسیتە.

بەم جۆرە، فەرای ورچ، شازادەی بەتاقی تەنیا بەجێهێشت، بۆ ئەوەی خواردن بۆ هەردووکیان پەیداکات... شازادەش بەدڵتەنگییەوە خەوی لێ کەوت، چونکە لەم جۆرە ماندووبوونە، ڕانەهاتبوو... پاش ماوەیەک، بلوێرژەنێک بەلای شازادە تێپەڕی... کە بلوێرژەنەکە چاوی بەشازادە ئامێ کەوت، لە دڵی خۆیدا وتی: ئەم قازە... دەستکەوتێکی باشە، لەگەڵ خۆمی دەبەم، بێگومان ئێستا گۆشتێکی بەتامی هەیە... ئاخۆ دەبێ ئەم تاجەی سەری زێڕ بێ!. ئەگەر زێڕ بوو سامانێکی زۆری پێ کۆ دەکەمەوە... ئای لەم بەختە باشە... وا دیارە دەرگای بەختم بۆ واڵا بووە.

بەم جۆرە... بلوێرژەنەکە چاوی تەماحی دایگرت... لە قازەکە نزیک بووەوە و گرتی... قازەکە زۆری قیڕاند بەڵام کەڵکی نەبوو... ویستی تاجە زێڕەکەی سەری بگرێتە خوارەوە... بەڵام هەرچەند دەستی بۆ درێژ دەکرد... قازەکە دەنووکی بەهێزی لێ دەدا... ناچاربوو واز لە تاجەکە بێنێ... بۆیە وتی: هەر چۆنێ بێ، تازە قازەکە و تاجەکە هی منە.



بەم جۆرە... بلوێرژەنەکە، قازەکەی هەڵگرت و ڕۆیشتن... ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە شارێک!... بینیان خەڵکی شارەکە هەمووی گوێدرێژن!... خەڵکەکە هەریەکە و دووگوێی درێژیان هەبوو!... لە دواوەش کلکیان هەبوو بلوێرژەنەکە پێکەنینی بەم خەڵکە دەهات... کە مرۆڤن بەڵام کلک و گوێیان هەیە... ئینجا بۆ ئەوەی پارە کۆکاتەوە... دەستی بەبلوێرژەنین کرد... بەڵام کەسی بەلایەوە نەدەهات... بگرە کەس گوێشی لێ نەدەگرت... پاشان قازەکەی هەڵگرت ویستی دیسان، تاجە زێڕەکەی لەسەر داگرێت... بەڵام قازەکە نەیدەهێشت... بۆیە داینا سەر ئەرز و هاواری کرد: ئەم تاجە زێڕە بۆ فرۆشتنە... ئەوەی دەیکڕێ با پارەیەکی زۆری پێ ببەخشێ... ئەم تاجە زێڕە و قازە بەیەکەوە دەفرۆشم... بەڵام لە ناکاو، لە دواوە لەقەیەکی توندی تێهەڵدرا... کە ئاوڕی دایەوە بینی چەند سەربازێک کە لە شێوەی خەڵکەکە بوون... بەڵام جلوبەرگی سەربازییان لەبەربوو... بلوێرژەنەکەیان گرت و خستیانە زیندان... قازەکەشیان لێ دوورخستەوە... بلوێرژەنەکە، لەناو زیندان هاواری دەکرد: ئەمن بێ تاوانم... هیچم نەکردووە... لێرەم دەرکەن... هەی بێ مێشکینە!.

پاش ماوەیەک بلوێرژەنەکەیان لە زیندان دەرهێنا... دوو سەرباز دەستیان گرت و بردیان... ئەویش بەگلەییەوە دەی وت: ئەی پێم نەوتن ئەمن هیچم نەکردووە... هەر ئێستا لەلای گەورەی سەربازەکان شکاتتان لێ دەکەم... ئەی کوا قازەکەم... خێراکەن بۆمی بێننەوە... دەست لە تاجەکەی سەری نەدەن... چونکە ئەم تاجە زێڕینە... تەنیا بۆ جوانی لەسەرم کردووە...

ئینجا بەگێلییەوە وتی: ئێوە بۆ وا بەتوندی دەستی منتان گرتووە؟!... سەربازەکانیش، بێ ئەوەی وەڵامی بدەنەوە... بردیانە بەردەم شاژن، کە ئەویش شاژنی بروسکە... لەقەیەکی تریان تێهەڵدا، بۆ ئەوەی کڕنووش بۆ شاژن ببات... پاش ئەوەی، سەری بەرزکردەوە و چاوی بەشاژن کەوت... دەستی بەپێکەنین کرد... چونکە کەپووی شاژن زۆر درێژ و ڕەق بوو... شاژنیش زۆر بەتووڕەیی لەسەر تەختەکەی هەڵساوە و هاواری کرد: دیسان

پێکەنیت نەفرەت لێ کراو، ئەی نازانی لێرە پێکەنین قەدەغەیە؟!...

بلوێرژەنەکە پێکەنینی ڕاگرت و هیچ قسەی نەکرد!...

شاژنی بروسک وتی: نازانی لەم وڵاتە سێ شتی قەدەغە هەیە... ئەوەی سەرپێچی بکات لە سێدارە دەدرێ...

بلوێرژەنەکە بەسەرسڕمانەوە وتی: خانمی بەڕێز... ئەمن خەڵکی ئەم وڵاتە نیم... بۆیە هیچ لە یاسای نازانم...

شاژن هاواری کرد: تۆ درۆ ئەکەیت... دەتەوێ ئاژاوە بنێیتەوە!. یەکێک لە تەنیشت تەختەکەی شاژن وەستابوو... کە ڕاوێژکاری شاژن بوو... ئەویش دووگوێی درێژ و کلکی هەبوو... کەوا و کراسێکی درێژی لەبەربوو... ڕیشی سپی هەتا سەرسنگی بوو... کاغەزێکی گەورەی بەدەستەوە بوو... شاژنی بروسک فەرمانی پێ دا کە قسە بکات...

بۆیە بەدەنگێکی بەرز وتی: لە و لاتی گوێدرێژان سێ شتی قەدەغە هەیە... ئەوەی سەرپێچی لێ بکات، بەخراپترین شێوە سزا دەدرێت... یەکەم، قەدەغەبوونی هەموو ئاواز و گۆرانییەک... چونکە حەکیمی گوێدرێژان، تەنیا دەنگی کەریان پەسند کردووە... واتا ئەوەی ویستی گۆرانییەک بچڕێ، یان ئاوازێک بژەنێ، دەبێ وەک کەر بزەڕێ... کەچی تۆ لە ناوەڕاستی شار بلوێرت ژەنیوە... بەمەبەستی سەرپێچی کردن لە یاساکانی شاژنی بروسک...

بلوێرژەنەکە چاوەکانی زەق کردەوە و وتی: ئەمن؟!

ڕاوێژکارەکە وتی: بەڵێ تۆ... دووەمیان پێکەنین قەدەغەیە... چونکە پێکەنین نیشانەی ئازادی و سەربەستییە، لەم وڵاتەش کەس ئازاد نییە، چونکە هەر هەموومان، کۆیلەی شاژنی گەورەمانین... پێکەنین تەنیا بۆ شاژن ڕەوایە، چونکە هەر خۆی ئازاد و سەربەستە...

شاژنی بروسک، کە گوێی لەم قسانە بوو... زۆری هەوەس بەخۆی دەهات... سەری بەرز و ڕاست ڕاگرتبوو، چاوەڕێی قسە و پێداهەڵدانی تر



بوو... شاژن چەند قەلەڕەشێکی، لە دەوروبەری خۆی کۆکردبۆوە... ئەوەی لەسەر شانی نیشتبوو... ئەوەی لەسەر کورسییەکەی... ئەوەی لەژێر دەستی بوو کە ناوەناوە ماچێکی لێ دەکرد!...

ڕاوێژکارەکە بەردەوام بوو وتی: بۆ ئەی بلوێرژەن... بەمەبەستی ئاژاوە و دژایەتی کردن لە یاسا و شاژن... بەئەنقەست بەدەنگێکی بەرز، لە قاقای پێکەنین بەناو خەڵک هاتوچۆت کردووە!...

بلوێرژەنەکە دیسان بەسەرسڕمانەوە وتی: ئەمن؟!...

ڕاوێژکارەکە وتی: بەڵێ تۆ... سێیەمیان، خشڵ و زێڕ قەدەغەیە!... چونکە نیشانەی دەوڵەمەندییە... لەم وڵاتەش لە شاژن دەوڵەمەنتر نییە... وە ئەوەی پارچە زێڕێکی هەبێ، لێی دەسەنرێ و دەخرێتە نێو خەزێنەی شاژن...

بلوێرژەنەکە بەگاڵتەوە وتی: ئەوەی ئەنگوستیلەیەکی بچووکیشی هەبێ لە زێڕ لێی دەسەنرێ؟!...

شاژن هاواری بەسەردا کرد: چەنەبازی لەبەردەم من... دەنا دەتکەم بەخواردنی قەلەکان!...

بلوێرژەنەکە دیسان بەگاڵتەوە وتی: خانم، تۆش دەمخۆیت!...

شاژن زۆر تووڕە بوو، بۆیە هەموو قەلەکانی تێ بەردا... قەلەکانیش هەهوو سەروگێلاکی بلوێرژەنەکەیان، کون، کون کرد بەهۆی دەنووکەکانیان... ئینجا شاژن بەڕاوێژکارەکەی وت: ئەی ڕاوێژکار بەردەوام بە... ڕاوێژکارەکە وتی: ئەی بلوێرژەن، تۆ دیسان بەمەبەستی ئاژاوە و بەئەنقەست تاجێکی زێڕت لەسەری قازێک کردووە!...

بلوێرژەنەکە... بەسەروگێلاکی پڕ خوێنەوە... بەهەنسک و گێلییەوە دیسان وتی: ئەمن لەسەریم نەکردووە... بۆ خۆی لەسەری بوو...

شاژن لەسەر تەختەکەی هەڵسایەوە و هاواری کرد: گاڵتە ئەکەیت؟ هەی بێ مێشک... ئەوەی سەرپێچی لەم بڕیارانە بکات، چارەنووسی

سێدارەیە!...

بلوێرژەنەکە بەپاڕانەوە وتی: خانم، ئەمن لەم شارە بێگانەم... ئەگەر خەڵکی ئێرە بوومایە... چۆن سەرپێچیم دەکرد!...

شاژن وتی: ئەم قسانە کەڵکیان نییە... خێراکەن بۆ سێدارەی ببەن... ئەم بێ ئەقڵە لەبەر چاوم لابەن...

پێش ئەوەی، بلوێرژەنەکە ببەن... شتێکی بەخەیاڵ داهات و بەمەکرەوە وتی: شاژنی بەڕێزم، ئەمن چیرۆکێکی سەیر، دەربارەی ئەم قازە دەزانم.

شاژن وتی: چیرۆکی چی؟!...

بلوێرژەنەکە وتی: دەڵێن ئەم قازە... کچە پاشایەکی زۆر شۆخ و جوان بووە... جوانییەکەی لە هەموو جێیەک سەدای هەبووە... دەڵێن ئەم شازادەیە حەزی لە کوڕە قازەوانێک کردووە، کە قازەوانی کۆشکیان بووە... پاشایەکی جادووگەر دێتە خوازبێنی ئەم شازادەیە... بەڵام شازادە پێی ڕازی نابێ... جادووگەرەکە سامان و زێڕ و زیوی هەموو دنیای پێشکەشی دەکا، شازادە هەر ڕازی نابێ... کە جادووگەرەکە دەزانێ شازادە، حەز لە کوڕە قازەوانی کۆشکیان دەکات... بەشازادە دەڵێ... ئەم قازەوانە لە دارای دونیا هیچی نییە... وەرە لای من لەوپەڕی خۆشیدا دەژی... شازادەش لە وەڵامدا دەڵێ: قازەوان لەم دونیایە ئەمنی هەیە... ئەویش بۆ من هەموو کەسمە... پێم باشترە ببمە قازێکی بچووک لە ڕەوە قازەکانی دەرگیستەکەم... نەک ببمە هاوسەری کەسێکی کرێتی وەک تۆ... جادووگەرەکە زۆر تووڕە دەبێ بەم قسانە... بۆیە لە کۆشکی باوکی دەیدزێ و شازادە، دەکا بەقازێکی سپی و بەرەڵای دەشت و دەری دەکا... ئەمنیش بلوێرژەنێکی گەڕۆکم... ڕۆژێکیان لە دارستان دۆزیمەوە و هەر لەو وەختەوە لەگەڵ خۆم دەیگێڕم... هەتا چاکی کەمەوە...

شاژن نواڕییە بلوێرژەنەکە و وتی: گاڵتەم بەم ئەقڵە پووچەی تۆ دێ... چونکە چیرۆکەکەت زۆر دوورە لە ڕاستی... تۆ کەسێکی وا بەویژدان



دیارنی... هەتا بەدووی چاکەی خەڵکی بگەڕێی... لەگەڵ ئەوەش لەم باسە دەکۆڵمەوە... چونکە ئەمن هەموو جادووگەرەکان دەناسم... هەر هەموویان دۆستی منن... باوەڕ ناکەم ئەم شتە بەبێ ئاگاداری من ڕووی دابێ... بەڵام بۆ کوێ، ئەو جادووگەرەی ئەم کارەی بەبێ ئاگاداری من بەئەنجام گەیاندبێ... ئەبێ بیکەم بەپەندی زەمان... ئەی بلوێرژەن... ئەگەر قسەکانت ڕاست دەرچوون، لێت خۆش دەبم و هەرچیت ویست لە زێڕ و زیو، پێشکەشت بێ... بەڵام ئەگەر ئەم باسەت، بەدرۆ ساز کردبێ!... بەزیندی چاوان دەتخەمە نێو ئاگر!.

بلوێرژەنەکە لەسەری خۆی دا و وتی: چیت بەسەر خۆت هێنا، هەی بێ مێشک؟!...

لەم لاوەش، کە فەرای ورچ گەڕایەوە... بینی شازادە لە جێی خۆی نەماوە... بۆیە زۆر بەدووی گەڕا... بەڵام کەڵکی نەبوو، لە هیچ لایەک دیارنەبوو... فەرا زۆر ماندووبوو، لە گەڕان بەدووی شازادە... بۆیە گەڕایەوە لای کانییەکە... بەڵکە شازادە بگەڕێتەوە... بیری لەوە دەکردەوە، ئاخۆ شازادە ئامێ تووشی چ چارەنووسێکی تر هاتبێ... لە دڵی خۆیدا وتی: دەبێ ئاژەڵێکی دڕندە نەیخواردبێ... نا ئەگەر وابێ تووکە سپییەکەی بەملاو ئەولا پەرشوبڵاو دەبێ، یان بەتەنیا بووە و ترساوە... بۆیە بەدووی من گەڕاوە و ون بووە... ئەگەر شازادە شتێکی بەسەر بێت ئەمن خۆم دەکوژم... هەرگیز لە خۆم نابوورم!... چونکە بەڵێنم بەباوکی دا کە ئاگاداری بم... ئەی مینە لە کوێیە؟! ئاخۆ دەبێ ڕزگاری بووبێ... ئەگەر ئێستا لێرە بوایە یارمەتی دەدام بۆ دۆزینەوەی شازادە...

بەڵام لە ناکاو مینەی جنۆکەی لێ پەیدابوو و وتی: ئەم کاتەت باش گەورەم.

فەرای ورچ... لە جێی خۆی ڕاچەنی و وتی: دڵم هەر لەلات بوو... دەترسام شتێکت بەسەر هاتبێ!...

مینەی جنۆکە وتی: ئەزانم بیرت لێ دەکردمەوە... بەڵام لە مینە مەترسە... هەتا ڕمی ئەفسوونی لەلابێ...

فەرای ورچ بەخەمبارییەوە وتی: مینەی ئازیز... شازادە ئامێ بەمن ڕازی نەبوو... بۆیە بوو بەقاز و ئێستاش لێم ون بووە!...

مینەی جنۆکە، بەدڵگرانییەوە وتی: هەر لە خەیاڵی ئەم مەکربازەی؟!. لە بری تۆ بم هەرگیز بیری لێ ناکەمەوە.

فەرای ورچ بەخەمبارییەوە وتی: خەتای شازادە نییە... چونکە کەس ڕازی نابێ، ببێتە هاوسەری ورچێک!...

مینەی جنۆکە وتی: بەڵام ئەمن، بەم جۆرەش پێت ڕازیم.

فەرای ورچ بەسەرسڕمانەوە وتی: بەڵام تۆ جنۆکەی!...

مینە بەتووڕەییەوە وتی: بەڵام ئەمن، هیچم لەم کچانە کەمتر نییە کە مرۆڤن... بەهەرحاڵ داوای لێبوردن دەکەم... نەدەبوو ئەم قسانە بکەم... چونکە ئەمن شایەنی تۆ نیم... ئەوەش بزانە کە شازادە ئامێ، ئێستا لە شاری گوێدرێژانە... بلوێرژەنێک لەگەڵ خۆی بردی!...

فەرای ورچ وتی: چۆنت زانی؟!...

مینەی جنۆکە وتی: ئەمن ئاگادار بووم... چونکە لێتانەوە نزیک بووم!.

فەرای ورچ بەهەڵچوونەوە وتی: ئەی بۆچی ئاگاداری نەبووی... بۆ هێشتت وا بەسانایی بیبەن؟!...

مینەی جنۆکە وتی: ئەمن تەنیا پارێزگاری لە تۆ دەکەم... چونکە تەنیا بەندە و کۆیلەی تۆم... هیوادارم ئەوەت لەیاد نەکردبێ...

مینە ئەم قسانەی کرد و بەتووڕەییەوە ون بوو!.

فەرای ورچ لە دڵی خۆیدا وتی: ئای لەم کارەساتە گەورەیە... ئەگەر شاژنی بروسک، شازادە ئامێ بناسێتەوە... پەندێکی خراپی پێدەکا... دەبێ کارێکی بەپەلە بکەم... بەهەر جۆرێک بێ شازادە، لە چنگی شاژنی



بروسک ڕزگارکەم...

ئینجا ملی ڕێی گرت بۆ شوێنێک... هەر خۆی دەیزانی لەکوێیە!... لە ڕێدا تووشی بەفروبارانی بەهێزبوو... دارستانی چڕوپڕی بڕی... بەسەر بڵندترین ترۆپک و کێو، گەیشتە بیابان و دەریای گەورەی بڕی... بەڵام مینەی جنۆکە، لە هەموو هەنگاوەکانی، یارمەتی دەدا و نەیدەهێشت تووشی مەترسی بێ... هەتا گەیشتە دوورگەی ون بوون!... کە هەردوو خوشکی جادووگەرە زەروون و شەوارەی لێ دەژیا!... دوورگەی ونبوون... دوورگەیەکی تاریک و ترسناک بوو... تۆز و خۆڵ بەبەردەوامی دەباری و بەری خۆری گرتبوو... هیچ دارێکی سەوزی لێ نەبوو... دڕکوداڵ بەهەموو جێیەک، بڵاوببوونەوە... ماوە... ماوە تۆز و گەردەلوول خێرایان دەکرد، کە هەردوو چاویان کوێر دەکردن... ئاوی سازگار و پاکی نەبوو... هەمووی قوڕ و سیان بوو...

فەرای ورچ هاواری کرد: زەروون، شەوارە... ئێوە لەکوێن؟! ئەمن فەرای شازادەم...

لەناو تەپوتۆزەکەدا... دوو ئەژدیهای گەورە و سەر زل بەدیارکەوتن... ئەژدیهایەکان دووملی درێژ و گەورەیان هەبوو... بەهەردووکیان یەک لەشیان هەبوو... لەسەر چوار قاچ دەڕۆیشتن... کلکێکی درێژ بەدوویان دەخشا... هەریەکە و دەستێکیان هەبوو!... چاویان زەق و کەپوویان گەورە بوو... جادووگەری دەستەڕاست کە ناوی زەروون بوو بەڕووخۆشییەوە وتی: بەخێر بێیت شازادەی ئازیزمان... بەهاتنت خۆشحاڵ و گەورەت کردین...

بەڵام شەوارە بێ باکانە وتی: ئێمە بۆ خۆمان گەورە و بەهێزین... کەس ناتوانێ گەورە و بچووکمان بکات...

فەرای ورچ وتی: بەڵام شاژنی بروسک، بەئارەزووی خۆی یاریمان پێدەکا... بەداخەوە شەوارەی ئازیز... کەڵکت لەم بەسەرهاتەی خۆت وەرنەگرت... هەروەکو خۆت ماوی...

زەروون وتی: فەرا گیان... ئێمە لەمێژە چاوەڕوانی تۆ دەکەین... ئەگەر بهاتایە و بگەڕابوایەوە، باری جارانت، ئێمەش ڕزگارمان دەبوو... وە بەسانایی جادووگەری بروسکمان لەناودەبرد... بەڵام وا دیارە هیچ شازادەیەک، بەم جۆرە پێت ڕازی نەبووە...

شەوارە زۆر بەرقوکینەوە وتی: شاژنی کەران... دەبێ پەندێکی وای پێ بکەم، هەتاهەتایە ناوی خۆی لەبیربکاتەوە... تۆڵەی ئەو هەموو تاڵی و ناخۆشییەی، دوورگەی ونبوونی لێ بسەنمەوە!...

فەرا وتی: دەبێ ڕێیەک هەبێ... کە بتوانین شاژنی بروسک لەناو ببەین؟!...

زەروون وتی: بەداخەوە فەرا گیان... لەناوبردنی شاژن لەم وەختە... زۆر ئاستەم و گرانە!...

شەوارە وتی: نەخێر... بەڵکو ڕێیەک هەیە... تەنیا فەرای شازادە دەتوانێ یارمەتیمان بدات، بۆ لەناوبردنی شاژنی کەران!...

زەروون بەهەڵچوونەوە وتی: هەرگیز ڕێت پێ نادەم، بەم جۆرە بیرکەیتەوە... نایەڵم شازادە بخەیتە مەترسییەوە...

فەرای ورچ وتی: مەترسی چی؟!

زەروون وتی: فەرا گیان... ئەم باسە لەبیرکە... شەوارە بەهەڵەچوو!... بەڵام شەوارە، بەتووڕەییەوە وتی: نەخێر هەڵە نیم... چاکیش دەزانم چی دەڵێم... تەنیا فەرا دەتوانێ یارمەتیمان بدات.

فەرای ورچ زۆر بەپەرۆشەوە وتی: هەر شتێک، بەهۆی منەوە بکرێ... بۆ ڕزگارکردنی وڵاتی ڕۆژهەڵات... ئەمن ئامادەم...

شەوارە وتی: ئەو وەختەی کە شاژنی بروسک... دەستی بەسەر وڵاتی ڕۆژهەڵات داگرت... پێش ئەوەی بمانکاتە ئاژەڵ... پاشای باوکت، هەموو هێزەکەی خستە ناو لەشی تۆ... بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست شاژنی بروسک... ئەویش نەیزانی هێزەکە لەناو لەشی تۆیە... بۆیە بەسانایی



بەرەڵای کردی... مەرجی بەکارهێنانی ئەم هێزەش... دەبێ پارچە گۆشتێک لە لەشی خۆت کەیتەوە... هەتا لەژێر ئەرز بیشارینەوە، لە جێیەکەی دوو لقەداری لێ سەوز دەبێ... کە هێزەکەی تێدا کۆ دەبێتەوە.

زەروون وتی: بەڵام فەرا گیان... شتێک هەیە دەبێ بیزانی... ئەو وەختەی کە پارچە گۆشتەکەت لە لەشی خۆت کردەوە... هەرگیز ناگەڕێیتەوە سەر باری جارانت... ئەگەر شاژنی برووکیش لەناوچێ و جادووەکەی هەڵوەشێتەوە... تەنیا تۆ ناگەڕێیتەوە باری جارانت...

فەرای ورچ، زۆر دڵتەنگ بوو بەم قسانە... بۆیە نەیتوانی هیچ بڕیارێکی دەمودەست بدات!...

زەروون وتی: داوای لێبووردنت لێ دەکەم... لەم ڕێیە زیاتر، هیچ چارەیەکی تر شک نابەین... بەڵام تۆ سەربەستی لە بڕیاردان!... کەس ناتوانێ ئەم کارەت بەزۆر پێ بکات...

شەوارە وتی: ئەوەش بزانە... بەم کارە خەڵکانێکی زۆر ڕزگار دەکەیت، لە چنگی جادووگەری بروسک...

فەرای ورچ بەدڵتەنگییەوە وتی: گرنگ نییە ئەمن چیم بەسەر دێ... دەبێ بەهەر نرخێک بێ وڵاتەکەم ڕزگارکەم... خەڵکی بێ تاوان لەم ژیانە دەرکەم... ئەگەر نا شایانی ئەوە نیم بەشازادە بانگم کەن!...

زەروون وتی: ئەمن... دڵنیام... کە پاشای باوکت... شانازی بەوە دەکات... کە کوڕێکی ئازا و بەجەرگی وەک تۆی هەیە... لەگەڵ ئەوەش دڵتەنگ و خەمبار دەبێ لەم بڕیارەت.

فەرای ورچ وتی: ئەمە بڕیاری خۆمە... پاشان باوکم بۆی ڕوون دەبێتەوە، کە بۆچی ئەم بڕیارەم دا... ئەمن دڵنیام زۆر ڕێز لەم بڕیارەم دەگرێ.

فەرای ورچ، لە خوشکەکان دوورکەوتەوە و لەسەر زەوییەکە ڕاکشا... بیری لەوە دەکردەوە کە دەبێ گیانی خۆی بەخت کا... بۆ ڕزگارکردنی وڵاتی ڕۆژهەڵات... ئەو وەختە مینەی جنۆکە پەیدابوو... بەبێ ئەوەی خوشکەکان

بیبینن... بەفەرای ورچی وت: ئەمن ڕێت پێ نادەم... ئەم بڕیارە جێبەجێ کەی... چۆن پارچەیەک لە لەشی خۆت دەکەیتەوە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی... پاش ئەمەش چاک نابیتەوە.

فەرای ورچ وتی: ئەمە کاری تۆ نییە... چونکە تۆ تەنیا دەبێ پارێزگاری لە من بکەی!...

مینەی جنۆکە وتی: ئینجا لەبەر ئەمە... دەبێ لەم بڕیارەی خۆت پارێزگاریت لێ بکەم... نایەڵم ئیشی وا ئەنجام دەیت!...

فەرا تووڕە بوو وتی: لە کەیەوە بەندەکان فەرمان دەدەن... ئەگەر بزانم بەکەڵکم نایەی... هەر ئێستا لە کۆڵ خۆمت دەکەمەوە.

مینە بەدڵتەنگییەوە وتی: لەلام باشترە ببمە بەردێکی دۆزەخ و هەتا هەتایە بسووتێم... نەوەکو کۆتاییەکەت بەم جۆرە ببینم.

فەرای ورچ وتی: بڕیارە و جێبەجێی دەکەم... ئێستا دوورکەوە لێم... خۆ ئەمن بانگم نەکردووی!...

مینەی جنۆکە، بەخەمبارییەوە لەپێش چاوی فەرا بزربوو... مینە حەزی نەدەکرد، کە فەرا بگەڕێتەوە باری جارانی... دەیویست هەروەکو خۆی بێ... چونکە کەس بەم جۆرە پێی ڕازی نەدەبوو... بەڵام نەیدەویست تووشی خەم و ئازاریش بێ... بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی: فەرا گیان... ئەمن نامەوێ تووشی ئازار بیت... حەزیش دەکەم هەر بۆ خۆم بی... تاوانم چییە کە شازادەیەکم لە جنۆکەکان؟... ئەمن لە پێناو تۆ دەستم لە شازادەیی... هەڵگرت و هەموو کەسوکاری خۆم بەجێهێشت... ئەمن هیچم لە شازادە ئامێ کەمتر نییە... ئەشزانم فەرا دڵی بەشازادە ئامێ نووساوە... بەڵام هەرگیز ڕێی پێ نادەم، کە لە فەرا نزیک بێتەوە، ئەگەر کار بگاتە ئەوەی، کە ئەم مەکربازە لەناو ببەم... ئەبێ بەتەنیا بۆ من بێ!... ئەگەر فەرا ئەم ئیشە بکات... بۆ من باشترە، چونکە هەرگیز ناگەڕێتەوە سەر باری جارانی.



فەرای ورچ، پەنچەیەکی لە دەستی خۆی کردەوە و دایە دەست هەردوو خوشکەکان... ئەوانیش پەنجەکەیان لەبن ئەرز ناشت... پاش چەند ڕۆژێک دارێکی گەورە لە جێی ڕوا... دوو لقی جیای دەرکرد... لقێکیان سپی بوو... لقەکەی تریان سووربوو... زەروون لە لقە سپییەکە، گۆچانێکی بۆ خۆی سازکرد... شەوارەش لە لقە سوورەکە، گۆچانێکی بۆ خۆی سازکرد... ئینجا هەردووکیان گۆچانەکانیان، بەرەو ئاسمان بڵند کرد و هاواریان کرد: ئەی هێزی بێگەرد... دوور لە جادووی شاژنی بروسک... هەردوو خوشکی جادوولێکراو، شەوارە و زەروون، بگەڕێنەوە سەر باری جارانیان!...

تیشکێکی سپی لە گۆچانەکەی زەروون دەرچوو... تیشکێکی سووریش لە گۆچانەکەی شەوارە دەرچوو... هەردوو تیشکەکە لە ئاسمان، تێکەڵ یەکتربوون و بەر خوشکەکان کەوت... ئینجا گەڕانەوە بۆ دوو پیرەژنی پێست چرچی لاواز... قژیان سپی وەک لۆکە لە زەوی دەخشا... کە دەیانڕوانیە دەست و پەنجەی خۆیان... باوەڕیان بەخۆیان نەبوو!...

پاش ئەوەی هەردوو خوشکەکە چاک بوونەوە... لەگەڵ فەرای ورچ، خۆیان ئامادکرد، بۆ ئەوەی بچنە وڵاتی گوێدرێژان!... بۆ لەناوبردنی شاژنی بروسک!...

شاژنی بروسک... هەموو ساڵێ هێزی جادووەکەی خۆی، لە بروسک بەدەست دەهێنا!... دەبوایە لە بری ئەمەش شازادەیەکی کچی پێ ببەخشێ... بۆیە هەموو ساڵێ، شازادەیەکی لە کۆشکی باوکی، دەڕفاند بۆ ئەوەی بەبروسکی ببەخشێ... کەسیش نەیدەزانی، ئەم شازادانە چییان بەسەر دێ!... پاش ئەوەی شاژنی بروسک، زانی شازادە ئامێ کێیە... شازادەی گەڕاندەوە سەر بارودۆخی جارانی... چونکە جادووەکەی هی خۆی بوو... ئینجا بەشازادە ئامێی وت... بەڕاستی خزمەتێکی باشت کردم... چونکە بەفەرای ورچ ڕازی نەبووی... ئەگەر بهاتایە و بەشازادە فەرا ڕازی بوای... ئەو وەختە ئەمن لەناو دەچووم... تۆش دەبووی بەناودارترین شاژنی ئەم سەر زەمینە... بەڵام هێشتا خزمەتێکی تر ماوە، کە پێشکەشمی کەیت... بۆ

ئەوەی هێزم دەست کەوێ... دەبێ بەبروسکت ببەخشم... چونکە دەبێ بەخێرایی خۆم ئامادەکەم... لەبەر ئەوەی نازانم فەرای ورچ و دوو خوشکە فێڵبازەکان، چییان ئامادە کردووە... ئینجا پێش ئەو دەست بوەشێنێ... دەبێ ئەمن لەناوی ببەم...

شازادە ئامێ، لە ترسان هیچی پێ نەدەوترا... شاژنی بروسکیش، بانگی خزمەتکارەکانی کرد و وتی: شازادە ئامێ ببەن... جوانترین جلوبەرگی لەبەرکەن و، گرانترین خشڵی پێوەکەن... تێر خواردنی کەن، چونکە نامەوێ بەبرسییەتی بڕوات. ئەبێ خۆتان ئامادەکەن... چونکە وادەی هاتنی بروسک هاتووە.

درەنگانێکی شەو، هەردوو خوشکە جادووگەرەکە و، فەرای ورچ گەیشتنە وڵاتی گوێدرێژان... زەروون و شەوارە، گۆچانەکانیان بەرزی ئاسمان کرد و هاواریان کرد: (ئەی هێزی بێگەرد... دوور لە جادووی شاژنی بروسک، خەڵکی وڵاتی ڕۆژهەڵات بگەڕێنەوە، سەر بارودۆخی جارانی)... تیشکی سوور و سپی، تێکەڵی یەکتربوون، دونیای تاریک، ڕووناک بووەوە و، تیشکی سوور و سپی بەهەموو شتێ و بەهەموو کەس کەوت... هەموو خەڵکی شارەکە و دەوروبەری گەڕانەوە سەر باری جارانیان!... پاشای باوکی فەرا... بەباڵەفڕە دابەزی و گەڕایەوە باری جاران... شاژنی دایکی فەرا... بەشێوە ڕاستەقینەکەی گەڕاوە... کۆدۆی هاوڕێی فەرا گەڕایەوە... سورمەی دایەنیش، سەری لە درزێکی زەوی دەرێنا و چاک بووەوە... سوپای وڵاتیش پۆل پۆل دادەبەزین و چاک دەبوونەوە... تەنیا فەرای ورچ وەکو خۆی مایەوە!... هەر ئەو شەوە شازادە ئامێیان ئامادەکرد، بۆ ئەوەی بەبروسکی ببەخشن... لەم لاوەش فەرای ورچ، هێزێکی گەورەی کۆکردەوە، بۆ لەناوبردنی شاژنی بروسک... وەختێ کە شاژنی بروسک، ئەمەی بینی... شوورەی قەڵایەکەی بەهێزکرد، پاسەوانێکی زۆری لە سەر تاوەرەکانی کۆشک دانا... هەموو سەربازەکانیش بەرەو ڕووی، هێزەکەی فەرای ورچ کردەوە... ئینجا



پەیوەندی بەبروسکەوە کرد دیارییەکەی ئامادەیە... هەتا هێزی تازەی پێ ببەخشێ... چونکە هێزەکەی خۆی زۆر لاواز و کز ببوو... شەڕێکی گەورە لە نێوان، سوپای فەرای ورچ و سەربازە زۆرەکانی، شاژنی بروسک ڕووی دا... ئەو وەختە پەڵەهەورێکی ڕەش، گەیشتە سەربانی کۆشک... کە تەنیا بروسکی لێ دیاربوو... زەروون و شەوارە، زانیان کە دیاری بەبروسک دەبەخشرێ... هەتا شاژن هێزی تازە بەدەست بێنێ!... بۆیە تیشکی گۆچانەکانیان ئاراستەی پەڵەهەورەکە کرد و لایانبرد... شاژنی بروسک، لەگەڵ پاسەوانە تایبەتییەکانی خۆی، گەیشتنە سەربانی کۆشک... شازادە ئامێیان لە ناوەڕاستی سەربانەکە ڕاگرت... دەست و قاچیان بەتوندی بەست، بۆ ئەوەی ڕانەکات... پاشان لێی دوورکەوتنەوە، هەتا بروسکەکە بیبات... هەورەکە دیسان گەڕاوە، خوشکەکان لایانبردەوە... فەرای ورچ زانی، کە شازادە ئامێ لە مەترسیدایە... بۆیە هێرشێکی گەورەی کردە سەر قەڵایەکە و توانیان بچنە ژوورێ... فەرای ورچ لەپێش هەموویانەوە دەڕۆیی... بەنینۆکە تیژەکانی پارێزگاری لە خۆی دەکرد... کۆدۆی هاوڕێی، شان بەشانی دەجەنگا... مینەی جنۆکەش یارمەتی فەرای دەدا و، نەیدەهێشت هیچ ئازارێکی پێ بگات... هەورەکە بەردەوام دەگەڕایەوە... خوشکەکان بەگۆچانەکانیان لایانبردەوە... لەبەرئەوەی وەختی دیارییەکە هاتبوو... هەورەکە بەخێرایی دەگەڕاوە... زەروون و شەوارە، داوایان لە فەرا کرد، کە بچنە سەربانی قەڵایەکە... بۆ ئەوەی ڕێ لە شاژن بگرن... بەم جۆرە فەرا و هەردوو خوشکەکە، توانیان بگەنە سەربانی قەڵایەکە... لەوێ بینیان شاژن، خەریکە کچێک پێشکەش دەکات... کە شاژن ئەوانی بینی، بەگاڵتەوە وتی: وادیارە بەتەواوی چاک بوونەوە... بۆچی هاتوونە ئێرە؟... ئەوجارە حەزدەکەن بتانکەم بە چی؟... مەیموون یان وشتر!...

زەروون وتی: زۆرمان لە ناخۆشی و دەربەدەری چەشت... بۆیە ئامادەی هیچی تر نین!...

شەوارە زۆر بەڕقەوە وتی: پیرەژنی تەڵەکەباز... ئەمجارەیان نۆرەی تۆیە،

بۆ ئەوەی بتکەین بەجانەوەرێکی زۆرجوان!.

شـاژنی بروسک وتی: لە بیـر نەکـەن، کـە هەرسـێکمـان پیـرەژن و تەڵەکەبازین... ئەوەش بزانن کە ئێـستـا ، هێـزم دەست دەکـەوێ، بۆ ئەوەی هەر هەمووتان لەناوبەم...

فەرای ورچ، کە چاوی بەشازادە ئامێ کەوت هاواری کرد: شازادە ئامێ شازادە ئامێ... هەر ئێستا ڕزگارت دەکەم.

مینەی جنۆکە، بەبێ ئەوەی کەس بیبینێ وتی: دیسـان گەڕاوە لای ئەم مەکربازە... ئەمن دەزانم پەندێک بەفەرا دەکا...

هەرکە شازادە ئامێ، گوێی لە دەنگی فەرا بوو... کەمێـک لە ترسەکەی ڕەوییـەوە بۆیە هاواری کـرد: تـکات لێ دەکـەم فـریام کـەوە... ئەم پیـرەژنە شێتە... نازانم چیم لێ دەکا!.

شـاژنی بروسـک، ملوانکەیەکی لە مل بـوو... بەهێـزی ئەم ملوانـکەیە لەگەڵ خوشکەکان بەشەڕ هات... ئەوان بەتیشکی گۆچانەکانیان... ئەویش بەهۆی تیـشکی ملوانکەکـەی... ئەو وەختـەی شـاژن و خـوشکەکـان بەرەو ڕووی یەکتر بوون، فەرای ورچ توانی شازادە ئامێ ڕزگارکات... کە شاژنی بروسک ئەمەی بینی... تیشکی ملوانکەکەی ئاراستەی فەرای ورچ کرد... بەڵام خـۆشبـەختـانە پێی نەکـەوت... چونکە مـینەی جنۆکـە، بەهۆی ڕمـە ئەفسووناوییەکەی، تیشکەکەی شاژنی گەڕاندەوە... فەرای ورچ شازادەی لە شوێنێکی بێ مەترسی دانـا... ئینجـا گەڕایەوە لای دوو خوشکەکە، بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات... هەورەکە دیسان گەڕایەوە و دەیگرمان... شاژنی بروسک هاواری کرد: ببوورە گەورەم، هەر ئێستا دیارییەکە ئامادە دەکەم و دەیبەخشم!...

بەڵام هەورەکە بزر بوو... ئەم جارە نەگەڕاوە!...

بۆیە شەوارە بەپێکەنینەوە وتی: ئێستا کەوتیە بن دەستم، ئەی شاژنی کـەران... هیچ شـاژنێک هەیە لە دونیـا... سـەرپەرشـتی گـوێدرێژان کـات؟!



بەڵام ئەم ئیـشـە هەر لە خۆت دەوەشـێ... ئێـسـتـا پارچە پارچەت دەکـەم!... بەڵام زەروون وتی: شەوارە گیان، بەسیەتی با لێی گەڕێین!... بەڵام شەوارە بەتوورەییـــیـــەوە وتی: چۆن لێی گـــەڕێین... ئەی ئەم هەمـــوو ئازار و ناخۆشییەی، دوورگەی ونبوونت وا بەسانایی لەبیر کرد؟! ئەمن هەرگیز لە مافی خۆم خۆش نابم، دەبێ بیکەم بەخواردنی سەگە هارەکان!...

بەڵام زەروون سـوور بوو لەسـەر ئەوەی کـە دەسـتی لێ نەدەن!... بۆیە شەوارە ڕووی لە شاژن کرد و وتی: لەبەر دڵی زەروونی خوشکم نەبوایە... ئێستا خۆت لە دۆژ دەدۆزیەوە.

زەروون بەشاژنی وت: ئێمە سزات نادەین ... چونکە خەڵکی ئەم وڵاتە... مافی بڕیاردانیان هەیە، لە چۆنیەتی سزادانت.

ئینجا فەرای ورچ و هەردوو خوشکەکە ویستیان بڕۆن... بەم جۆرە شاژنی بروسکیان، بەتاقی تەنیا بەجێهێشت!... لەپڕ هەورەکە گەڕایەوە...

ئەو وەختە شاژن، بانگی فەرای ورچ و هەردوو خوشکەکانی کرد: ئەمن بەهێزم... کەس ناتوانێ بەرەو ڕووی شاژنی بروسک بوەستێ... هەر ئێستا بەربادتان دەکەم!...

ئینجـا تیشکی ملوانکەکەی ئاراستـەی فەرای ورچ کرد... خـەریک بوو بەرێ کـەوێ... بەڵام مـینەی جنۆکە، بەخێـرایی خـۆی دایە بەر تیشکەکە و کەوتە سەر زەوی، بروسکەکە تیشکێکی بەهێزی کرد... شاژنی بەقیژە و هاوارەوە، بۆ خـۆی ڕاکـێـشـا و بزربوون... بۆ کـوێ؟ هەتا ئێـسـتـاش کـەس نەیزانی شـاژن چی بەسەر هات؟!... بەڵام لەو وەختـەی کـە شاژن ون بوو... کەسی تر نەیبینیـەوە!... ئەو وەختەی کە مینەی جنۆکە کەوتە سەر زەوی... فـەرای ورچ بەپەلە ڕای کردە لای... بینی خوێنێکی ڕەش لە برینیـەکانیـەوە دەڕوا!...

فەرا بەمـینەی جنۆکـەی وت: دان بەخۆت بگرە ئازیزەکەم... هەر ئێسـتـا برینەکانت سارێژ دەکەین...

ئینجا فەرای ورچ بانگی دوو خوشکەکانی کرد، بۆ ئەوەی یارمەتی دەن... بەڵام خوشکەکان کەسیان لێ دیار نەبوو... بەڵام مینەی جنۆکە، دەیزانی کار لە کار ترازاوە... بۆیە بەتوندی دەستەکانی فەرای گرت و وتی: تۆ ئارامی بەدەروونم دەبەخشی... هەست دەکەم بەهێمنی گیان دەبەخشم... تەنیا لێم نزیک بە و بەتەنیا جێم مەهێڵە...

خوێنە ڕەشەکەی مینە... ئەم ناوەی پڕ کرد و تەنانەت، دەستەکانی فەرای ورچیش، لە خوێنی ڕەش تەڵخابوون.

فەرای ورچ خۆی پێ نەگیرا و فرمێسکی چاوی بەدەرکەوتن!...

مینەی جنۆکە، دەستە بەخوێنەکەی بەرزکردەوە و، بەنەرمی بەسەری فەرای ورچی داهێنا و وتی: گیانم سەرتاپای هی تۆیە... ئەوەندەم بەسە کە بۆ من دەگریەی... خۆزگە جارێکی تر بتوانم بژیمەوە... بۆ ئەوەی دووبارە گیانم بۆ تۆ ببەخشمەوە...

فەرای ورچ هاواری بەسەردا کرد و وتی: بێدەنگ بە... تۆ نامری بەڵکو نابێ، هەرگیز نابێ بمری... ئەمن فەرمانت پێ دەدەم کە نابێ بمری... دەبێ فەرمانەکەشم جێبەجێ کەیت...

مینەی جنۆکە، چاوەکانی پڕبوون لە گریان و بەزەردەخەنەوە وتی: بمبوورە گەورەم... دەترسم بەڵێن دەم و، نەتوانم جێبەجێی کەم!...

فەرای ورچ بەهێمنی وتی: دەتوانی ئازیزەکەم... تەنیا دان بەخۆت بگرە... بەڵام مینە زۆر بەهێمنی چاوەکانی نووقاند و مرد... فەرای ورچیش زۆر بەدیاریەوە گریا، بەهیچ جۆرێک نەیدەویست لەلاشەکەی دوورکەوێتەوە... بەڵام ئەو وەختە تەرمەکەی مینە، لە پێش چاوی فەرا بزربوو... تەنیا تەمێکی سپی، لەلاشەکەیەوە بینی... تەرمەکەی بەرەو ئاسمان بڵند دەبوو... لە دووررا گوێی لە دەنگی مینەی جنۆکە بوو دەی وت: ماڵئاوا گەورەم... ماڵئاوا فەرای ئازیز...

بەم جۆرە وڵاتی ڕۆژهەڵات... گەڕایەوە دۆخی جارانی... هەموو خەڵکی



چاک بوونەوە... تەنیا فەرای ورچ نەبێ هەروەکو خۆی مایەوە... شازادە ئامێ، بەشەرمەزارییەوە هاتە لای فەرای ورچ و وتی: داوای لێبووردنت لێ دەکەم... ئەمن بەهۆی لە خۆباییبییەوە... زۆر ئازارم دای... بەڵام بۆ ئەوەی لە دڵەوە لێم ببووری... هەر ئێستا لەگوڵە سوورەکە دەخوازم، کە چاک بیتەوە... بەڵام فەرای ورچ وتی: ئەم گوڵە هی تۆیە... دەتوانی ئاواتی تر بۆ خۆت بخوازی... بۆ من مەیفەوتێنە!...

بەڵام شازادە ئامێ وتی: تاکە ئاواتم، چاکبوونەوە و خۆشی تۆیە!...

بەم جۆرە شازادە ئامێ... داوای چاکبوونەوەی فەرای ورچی، لە گوڵە سوورەکە خواست، گوڵەکەش ئاواتەکەی بۆ بەدی هێنا!... ئیدی فەرا گەڕایەوە سەر باری جارانی و بوو بەپادشایەکی بەهێز و بەدەسەڵات... فەرای پاشا، ڕاوچییەکەی لە یاد نەکردبوو، کە بەمناڵی بەخێوی کردبوو... بۆیە هێنایە لای خۆی... کۆشک و تەلارێکی گەورەی لەناو دارستان بۆ سازکرد... ئیدی وەکو جاران بەیەکەوە، دەچوونە ڕاوکردن... فەرای پاشا، شازادە ئامێی کردە هاوسەری خۆی... ژیانێکی پڕ لە ئارامیان بردەسەر... هەتاهەتایەش مینەی جنۆکەی لەیاد نەکرد.